شیعر

# دەستنووسێکی کۆنی

# عیشق

ستیڤان شەمزینی

٢٠١٧

- ناوی کتێب: دەستنووسێکی کۆنی عیشق
- بابەت: شیعر
- نووسینی: ستیڤان شەمزینی
- دیزاین: هەرێم عوسمان
- چاپ: چاپخانەی کارۆ
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- ساڵی چاپ: ٢٠١٧ – سلێمانی
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (    ) ی ساڵی ٢٠١٧ ی پێدراوە

# لە بری پێشەکی
# لە هەمبەر شیعر و شاعیریی

-١-

من لە ژیانمدا هێندەی بە شیعر سەرسام زانست ئەوەندە سەرنجم ڕاناکێشێت. ئەوەندەی لە شیعر تێدەگەم لە زانست تێناگەم!. ڕەنگبێ ئەمە پەیوەندیی بەوەوە هەبێت من هێشتا لەناو دنیای بێ خەوشی منداڵیدا هەناسە دەدەم، چوونکە ماقووڵ نییە لە چەرخی زانست و زانیارییدا هۆشت لای جیهانی خەیاڵ و فەنتازیا بێت و نقوومی ئەندێشە مەحاڵەکانی خۆت بیت!. ئەمە ڕێك نەریتی هەر کەسێکی تریشە ئولفەتی بە شیعرەوە گرتبێت.

-٢-

هەر کات شیعر قسەی کرد، واتە خەیاڵ قسە دەکات، هەموو شتێك لە خەیاڵدا کراوەیە و هیچ شتێکیش قەدەغە و تابۆ نییە. ئەوەش دەزانم زانست زۆر لە دوای شیعرەوەیە، هەرچەند هەردووکیان دواجار بەرهەمی خەیاڵن، بەڵام ئەوەی لە شیعردا دەستمان پێی ڕا دەگات هێشتا چارەگ بگرە یەك دەر

سەدی ئەوە زانست بۆی دەستەبەر نەکردووین، لێ زانست چەکێکی دوو سەرە و پێکهاتەیەکە لە هەردوو جەمسەری خێر و شەڕ "پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ" بەلام هەرچی شیعرە خاڵییە لە ڕەهەندی نێگەتیڤ، ژبەرئەوەی شیعر مامەڵەیەکی ڕاستەوخۆیە لە تەك جوانی.

-٣-

یەکێك لەو کەسانەم هەستەکیم نەك ئەقلانی، دیارە دوو فاکتۆر ناهێڵن ئەقلانی بم ئەوانیش ئەشق و شیعرن!. زۆرجار هێندە تاڵە موویەکیش جیاوازیی لەنێوان ئەشق و شیعردا نابینم، چوون هەردووکیان مرۆڤ لە ژیانی ریالیتە دادەبڕن و سەوداسەری دەکەن بە کۆمەڵە خەونێك کە ڕەنگە هیچ کات و زەمانێك مومکین نەبێت بێنەدی، بەلام هیچ کاتێکیش ناتوانین دەستبەرداریان بین!. ئەزموونی خۆم وابووە بێ ئەو خەونانە ناتوانم یەك هەناسەی زیاتری ژیان بدەم.

-٤-

شتێك کە هەمیشە ئازارم بدات ئەوەیە شیعر قەلایەکی بێ پاسەوانە و زۆر بە ئاسانیی فس فس پاڵەوانەکانیش دەتوانن ئالای خۆیانی لەسەر هەڵبکەن، بەلام ئەوەی لە هەمان کاتدا دڵخۆشم دەکات ئەوەیە دواجار ئەم قەلایە بۆ کێ دەمێنێتەوە.؟. ڕەنگە من کە خاوەنی ئەم ڕستانەم نەتوانم ئەوەندە رووقایم بم ئالاش هەڵبکەم لەسەر قەلای شیعر چجای ئەوەی ببمە یەکێك لە میراتگرەکانی ئەو قەلا فەنتازیکە.

-٥-

شیعرم خۆشدەوێ، هیچ شتێك لەم جیهانەدا بۆ من هێندەی شیعر مایەی دڵخۆشیی نییە. تەنیا کاتێك بێزار دەبم لێی کە کاڵفامەکان سواری پشتی ئەم ئەسپە شێیە دەبن. ئاخر سوارچاکی لە شیعردا کارێك نییە بە هەموو کەس بکرێ. زۆرجاریش تریش بەوە بێزار دەبم بە پاساوی ئیرۆتیك، شیعر بکرێتە مارکێتێ و پۆرنۆسازیی، ئاخر ئیرۆسییەت لە شیعردا پۆرنۆگرافی نییە، بەپێچەوانەوە پۆرنۆ زۆر لەوە زبرترە بخرێتە چێوەی شیعرەوە.
شیعر تەرجەمەی هەستە لە ڕێی وشە نووسراوەکانەوە. ئەو شیعرە کوردییانەی بەناوی شیعری ئیرۆتیکەوە دەیانبینم چیدی نین جگە لە نیشانەکانی گرێی دەروونی و چەپاندنی سێکسیی کە ئەمە شوورەیی نییە بۆ تاکەکەس بەڵکو شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ ترادیسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانمان کە مرۆی کورد ناچار دەکات تەنیا لە ڕەهەندی سێکسوالێتییەوە لە ئەویتری ژن بڕوانێت و تاوانێکی گەورەتریشی پێ ئەنجام بدا بەوەی پۆرنۆ بخاتە بازنەی تێکستێکەوە کە ناچارن بە شیعری ئیرۆتیکی پێناسەی بکەن.

-٦-

هیچ کات هەوڵم نەداوە وێنایەکی جوانی خودی خۆم پێشکەش بکەم، ئەمە دواجار کارێکە ڕێگەت لێ دەگرێ جوانی دەرەوەی خۆت ببینیت. هەموو هەوڵێکم لەوەدا چڕ کردۆتەوە لە گۆشەیەکەوە لە مرۆڤ و دنیا بڕوانم کە لایەنی جوانی ببینم هەر بەو جۆرەش جوانیم لە شیعرەکانمدا تەوزیف

کردووە. من شیعر دەنووسم و پێویستە بە دوای جوانیدا بگەڕێم وەك چۆن ئارکیۆلۆجیستەکان بەدوای پاشماوەی شارستانییەتە دێرینەکاندا دەگەڕێن. پێویستە بە چاویلکەی ئیستاتیکاوە لەهەموو شت بڕوانم، کارم ئەوەیە کۆلاجی پارچە ناشرینەکانیش بکەم لە پێناوی بەرهەمهێنانی جوانییەکی تازەدا. لە پێناوی لە دایکبوونی مانا و فۆرمی نوێ لە شیعرەکانمدا.

**ستیڤان شەمزینی**

**نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس – شتاسیۆنی نەخۆشی سەرەتان**

**ناوەڕاستی یولی ٢٠١٧**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

-١-

## دەفتەری یادەوەریی دێوانەیەك

هەواڵنامەی کتێب

بیرتە بە دزی پاسەوانەکانی تاریکییەوە مۆمێکمان داگیرساند
بە بەرچاوی تیغی تیژی شەرەفەوە، ئەشقمان جەخماخەی دا
لەودیوی پەرژینی نائومێدییەوە، عەتری دێوانەبوونمان ئەدا
لە بەرۆکی پەیکەرە سیخناخبووەکەی هەست
هەموو رۆژێ لە پرچی زەردی هەتاوەوە، گیتارمان بۆ فانۆسەکان ئەژەنی
لە کەنار دەریاوە، شیعرمان بۆ کانییەکی نیشتمان ئەخوێندەوە
چەشنی تریفەی مانگ، مشتێ رووناکیمان ئەکردە کۆشی شەوەوە
بارانی سۆزمان، کێڵگەی وشکبووی ماچی سەوز ئەکردەوە
لە دەربەندی خەیاڵەوە، ئەوینمان بۆ خەرەندی رۆح ئەخستە خوارەوە
سەیری ئاسمانمان ئەکرد، ئەو دەمانەی هەورەکان پڕ بە خۆیان ئەگریان
بیرتە، بە نیگایەك، بە خەندەیەك، کودەتامان بەسەر بێدەنگی دڵدا کرد

**دەستی ژان و خەمە ئاڵەکانمان ئەگرت بەرەو ئاوایییەکانی شادیی**

**بە پێنووسی جوانیی سەمفۆنییمان بۆ کۆچی باڵندەکان ئەنووسییەوە**

**بڕیارماندابوو، پێکەوە لە ئاودا بسووتێین و لە ئاگریشدا بخنکێین**

**هەموو حەسرەتمان چێکردنی ماڵێك بوو لە کەنار تاڤگەکانی ئەندێشە**

**ماڵێك پڕ بێ لە گوڵ، تاکو ببێتە ژوانگەی چی پەپوولە سەرگەردانەکانە**

**لە سەفەردا بووین، لە دەرەوەی مێژوو، لە دەرەوەی جوگرافیاکان**

**سەیرمان ئەکرد، تاکو بزانین ئاو دڵی نەرمی خۆی لە کوێوە ئەهێنێ**

**بیرمان لەوە ئەکردەوە، ئاگر ئەو نیگا گەرمانەی لە کام زەمەنەوە هێناوە؟**

**لە چرکەی بێزارییەکانما، قوم قوم ئاوی سازگای لەشتم ئەخواردەوە**

**لە بێدەنگییەکانما، پەروانە ئاسا خۆم لە ئاگری ناخت هەڵدەسوی**

**دوو موسافیر بووین، بێ بڕانەوە، قووڵایی گەردوونی ئەشقمان ئەبڕی**

**لە خاڵی پایانی ئەو گەردوونەدا، جادووییانە بە یەکتر ئەگەشتینەوە!**

**پێمبڵێ، بیرتە کاتێ دەستمان دایە دەستەمۆکردنی دڵی یەکتر؟**

**سپێدەیەکمان پڕ پڕ کرد، لە جریوەی چۆلەکە سەرخۆشەکان**

**وەك گەلایەك بە سەر پشتی ڕەشەباوە شار و وڵاتان ئەگەڕاین**

**ئەمانووت ئەشقمان پێکێك شەراب بوو، بۆ ئەبەد مەستی کردووین**

**بە دوای بنەچەی ئەو ترێیەدا ئەگەڕاین شەرابی ئەشقی لێ دروست ئەکرێ**

**خەیاڵمان، لە ڕێگە پێچاوپێچەکانی پایزدا، وێڵی بەهارێك بوو**

**لە گەلاڕێزانی ئەستێرەکاندا، چاومان لە دوو گیانیی ئاسمان بوو،**

**بە ئەستێرەی نوێ و بە ئەستێرەی دەروون سووتاوترەوە**

**ئەو دەمەی، باران لە دەستی خودا رژا، پێکەوە تنۆکەکانمان ئەژمارد**

**هەر تنۆکێك، ئەسرینی خودا بوو، بۆ خەونی زڕاوی ئاشقەکان**

**بیرتە ئەو کاتەی "با"ی ئەوین، هێمن هێمن هاتە ناو خوێنمانەوە**

**حکایەتی ئەو کۆتاییانەت لە هزرا ماوە، مامانی سەرەتاکان بوون؟**

**سەرمان ئەخستە ناو ئازارەکانی یەکتر، فریشتەکانمان دەخستە پێکەنین**

**لە رێگە دوورەکانەوە هاتبووین، سەفەری ئەشق نزیکی ئەخستینەوە**

**لە چاوی یەکتردا، رەنگەکانی پەلکەزێرینەمان ئەبینی و شرۆڤە ئەکرد**

**پەڕاوی تۆز لێنیشتووی دڵداریمان، لە مۆزەخانەی ژەنگگرتووی ناخ**

**دۆزییەوە و پەڕە پەڕە هەموویمان خوێندەوە**

**کە هەر لاپەڕەیەك، هەزارەها ئاواز و سەدان سرووتی لە خۆ گرتبوو،**

**هەر ئاواز و سرووتێکیش قەتماخەی هەزارەها برینی دێرین بوو**

**ئێستا ئەڵێم بیرتە، کۆڵۆمبۆس ئاسا، کیشوەری ئەشقمان دۆزییەوە؟**

**زەماندەومان بۆ دەزگیرانیی گوڵەباخ و پەپوولە ئامادە ئەکرد**

**چاوی ئێرەییمان بڕیبووە، توانەوەی بەفر لەسەر سینگی چیا**

**پێدەکەنین بەوەی "با"ی شەماڵ پرچی سەوزی درەختی دەئاڵۆزکان**

**دەگریاین هەر کات گێژەڵوکەی نەفرەتلێکراو دڵی باخچەکانی ئەشکان**

پرسەمان دائەنا بۆ ئەو نەمامە دڵخۆشەی ئەبووە کۆڵەوژی ئەشق

ئەچووینە رۆخی رووبار تا چیرۆکی رێبوارانی تینوومان بۆ بگێڕێتەوە

ئەهاتینە لای قاوەگرەوە، حکایەتی تاڵی وجودمان بەدرۆیەك شیرین بکا

هەر پێکەوە هەڵوژەی ترشی ژیانمان لە دەمی مردن هێنایە دەرەوە

لە گۆشەنیگای خەونەوە، چیلکەمان لە شارە زەردەواڵەی واقیع وەرئەدا

لەمدیو ماڵی ئەهریمەنەوە، مەستانە جۆلانەی پەرییەکانمان رائەژەنی

ئێستا پێت ئەڵێم بیرتە لە پاشماوەکانی مێژوو، تەنێ ئەشقمان هەڵگرتەوە؟

لە تەمی نوستالیژیا، تەنێ رووناکی رێگەمان بۆ ئاوێتەبوون لە یەکدا دۆزییەوە

من بە دەفتەری بیرەوەرییەکانما ئەچمەوە، تەنیا وێنای تۆی تیا ئەچنمەوە

تۆش لە ئاوێنەکەدا بۆ بینینی خۆت، بەدڵ بیر لە رۆژانی پێکەوەییمان بکەوە

ئەفسانەیەکمان لە توانەوە خستۆتە ناو لاپەڕە پەرش و بڵاوەکانی دیرۆکەوە

کە تاهەتایە بەسەر زاری لەیلا و مەجنونەکانەوە وەك سروود بوترێتەوە

ئەڵمانیا – بیلەفێڵد (نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس)

٢٠١٧-١-١٢

-٢-

## منم ژەنەراڵی ئەشق*

منم ژەنەراڵی ئەشق
ئەوە منم هەموو رۆژێ بە کلیلی ئەشق
دەرگای ژەنگگرتووی دڵەکان ئەکەمەوە،
ئەوە منم بە تێشوویەك شیعری رۆمانسییەوە
بێ پشوودان بێستوونی ئەشق هەڵدەکۆڵم
ئەوە منم هەموو رۆژێ وەك دەریا ڤۆ دەمگرێ
کەفوکوڵم بە یەك نیگا هێور هێور ئەبێتەوە
ئەوە منم خوێن لە زامەکانمەوە دەچۆڕێ
"نای" هەناسەم بە پەنجەی "با" ئەژەنرێ
ئەوە منم وەك زریان بەسەر شارەکاندا ئەدەم
کوخە کۆنەکانی کولتوور لەگەڵ خۆما ئەبەم
ئەوە منم بە پۆشاکی خەمەوە بە تەنیا رێ ئەکەم

سروودی فیغان لەسەر جەستەی دێوانەیەك ئەنووسمەوە

ئەوە منم دەستی گەڵاکان ئەگرم بەرەو بەهار

شمشاڵی غەریبیم ئەگاتە گوێی فریشتەکان

ئەوە منم وەك ژەنەراڵی ئەشقێکی ناکام و نامراد

سترانی فیراق لەسەر تەرمی خۆم ئەچڕم

ئەوە منم بە کوچە تاریکەکانی سۆزا گوزەر ئەکەم

لە ئەشکەوتی دابڕاندا چرای دەستم بەرئەبێتەوە

ئەوە منم لە کۆتا خاڵی گەردوونەوە دەنگی گریانم دێ

کاسە شەرابی بوون و خۆشبەختیم لێ ئەڕژێ

ئەوە منم حکایەتی وەرینی سەوزترین گەڵا بۆ پایز ئەگێڕمەوە

نە پایز تێدەگات و نە بەهار گەڵاکەم پێ ئەبەخشێتەوە

ئەوە منم ژەنەراڵی ئەشقێکی بێ پایان و بێ بن

نەرگسیترین رۆح و هەستێکی لە شەونم نەرمترم هەیە

ئەوە منم ژیانم بە کۆڵێ دەردیسەریی گەمارۆ دراوە

لە باکووری زەوییەوە تەمبور بۆ ئازارەکانم لێ ئەدەم

ئەوە منم بە فڕینی پۆلە ریشۆڵەکان تا شێتی شاگەشکە ئەبم

لەگەڵ رنوە بەفردا تا ئەودیوی سنووری خەیاڵیش چووم

ئەوە منم بە لاشەیەکی سستەوە جەنگی ئەشقم هەڵگیرساند

هەواڵنامەی کتێب

بۆ یەکەمجار من بووم مۆرفینم خستە قاوەی تاڵی ئەوینەوە

ئەوە منم تاکە ژەنەراڵی ئیمپراتۆریای خاپووری دڵ

سەدان سەربردەی نەبیستراو و مەحاڵ ئەبەمە ژێر گڵەوە

ئەوە منم هەزاران شیعرم لە ستایشی خۆشەویستیا هۆنیوەتەوە

ئەوە منم چاکەتێکی شڕ و سەرێکی پڕ ئێش و ژانم هەیە

هەموو سامانم دڵێکی گەش و دیوانێك و پێنج ئیرۆیە

ئەوە منم سبەینان سڵاو بۆ فریشتەکان ئەسەنمەوە و

ئەمەویٚ رۆژیٚ لە ناو ئەو پۆلە فریشتەدا بتدۆزمەوە

ئەوە منم ئەندێشەکانم زۆر ئاڵۆزن و لە تالووکەدان

ئاوێنەی شکاوی دڵم وێنای رووخسارمی شێواندووە

ئەوە منم یەك جار دێم و هیچ کات دووبارە نابمەوە

هەر منم تا هەتایە لە ژووری خەونەکانت نایەمە دەرەوە

ئەوە منم خاوەنی ژوورێکی سارد و بیٚ جۆش و شەوق

وەك پەڕاگەندەیەکی تۆقیو خۆم لەپشتی سێبەرەکەمەوە شاردۆتەوە

ئەوە منم پیٚ بە پیٚ، هەنگاو بە هەنگاو، لە ماراسۆندام بەرەو مەرگ

پێش مەرگم ئەمەویٚ لە وەنەوزێکی کورتتدا لە دایك بمەوە

ئەوە منم پێك لە دوای پێك ڤۆدگای خەستی ئەشق ئەخۆمەوە

بە مەستی شانامەی جوانیت بۆ هەموو جیهان ئەخوێنمەوە

ئەوە منم خۆم داوەتە بەر خۆرەتاوی وەرزی ئەڤینداری

هەواڵنامەی کتێب

**لە جیاتی ئامێزی گەرم، سەرقاڵم بە چنینەوەی دووریت**

**ئەوە منم تەماشای دەریاکانم ئەکرد کە پێکەوە وشکیان کرد**

**بینیم ئەستێرەکان بە کۆمەڵ بەرەو فەلەکێکی تر کۆچیان کرد**

**ئەوە منم شایەتم لەسەر خۆکوشتنی مانگ لە نیوە شەودا**

**نە توانیم ئەم چیرۆکە بۆ زەوی و نە بۆ خودا بگێڕممەوە**

**ئەوە منم سەیری هەرەسی گاشەبەردی دڵڕەقیم ئەکرد**

**لە تاودا سەرم خستە باوەشی دڵی نەرمی خۆمەوە**

**ئەوە منم لەودیو قەفەزەکانەوە بۆ بولبولەکان شین و زاریم بوو**

**نە توانیم دەرگای قەفەز بکەمەوە و نە گۆرانییەکەیان بسەنمەوە**

**ئەوە منم دەرگای هەموو ئاڵۆزیی و سەختییەکانم کوتیوە**

**جگە لە پەنجەرەی ئەشقێکی سەرابئاسا هیچی ترم بەروودا نەکراوە**

**منم ژەنەراڵی ئەشقێکی قووڵی بێکۆتایی و سەرکەشانە**

**ژیان هەمووی تۆوی مەرگە، تەنێ ئەشق هەموو ژیانە**

**من ژەنەراڵی ئەشق**

**٢٠١٦-١٢-٢٦**

**ئەڵمانیا – بیلەفێڵد (نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس)**

***ناونیشانی شیعرەکەم لە شیعری "منم ژەنەراڵی پایز"ی محەمەد عومەر عوسمان وەرگرتووە. تەنێ ناونیشانەکە نەك ناوەڕۆك.**

-٣-

## سەمای مەرگ

هەموو بێ ئومێدانە لە حەوشەی ژیان وەستاوین

راوەستاوین مەرگ بمانکاتە یادەوەرییەکی بزر بوو

ژیان دالآنێکی تەسکە، جێی ئازارەکانمانی تیا نابێتەوە

سەیرە! درەنگانێ مەرگ دەروازە بەرینەکانی ئەکاتەوە

مەرگ کاتێ دێ بە هانامانەوە لە خوێناوی ژیاندا گەوزاوین

بۆن و بەرامەی نەسیمئاسای مەرگ ساتێ هەڵدەکا،

سییەکانمان پڕ بووبن لە ژەهری بێهودەیی ژیان

وەرە، ئەی مەرگ، ئەسرینی رژاومان کۆ بکەرەوە

زوخاوی لە دایکبوونمان تنۆك تنۆك داچۆڕێنە

لە دۆزەخی ژیاندا، دەستی میهرەبانیت درێژ بکە

بزماری بێ ویژدانیی رۆژگار لە لاشەمان دەربێنە

تۆ ئەی مەرگی ئازیز، لاشەکەمان بدە دەست مێروو

لە دەمی قومارچییەکانی سیاسەت وەك قەندێ دەریکە

له حەرامسەرا و کۆشکی پڕ ئەژدیهای زەمان دەرمانهێنه

بمانێرەوه بۆ کۆڵانەکانی ئەودیوی زەمەن و وجود

تۆ ئەی مەرگی شیرین، پێناسەی خۆت ببڕه به باڵاماندا

جیاواز لەو پێناسەی دەڵاڵەکانی نیشتمان پێیان بەخشین

غەزەل و سروودێکمان له خامۆشی و کپبوون فێر بکه

هیچ شتێ نەیگەێنێتەوه به سروودی خودا و ئاینەکان

ببه به بەرمۆدای گیانمان، وەك ئەختەبووت هەڵمانلووشه

تەخت و تاراجی شادییه درۆینەکانمان بەسەریەکا تێکده

تۆ ئەی مەرگ، زووتر له کاتی خۆی وەره میوانیمان

سفرەی تژی جەنگ و کابووس و خوێنمان بدڕه

فریاکەوه سن و کوللەی ژیان گوڵەگەنمی جوانیی خواردین

خێراکه گەلاڕێزانی مرۆڤایەتییه لەم جەنگەڵەی ناوی دنیایه

گیانمان هەمووی شوێنەواری زامی قووڵی پێکەنینه

پێکەنین بەو هەقیقەته وەهمیانەی شالوری شەڕەکانن

سەنگەری بەرگرییمان تێکشکێنه که تەنها هەناسەیەکه

ببینه چەند سارد وسڕ و مردووانه، سترانی ئەوین ئەڵێینەوه

تۆ وەره ئەی مەرگی شیرین، گورز بوەشێنه له رۆحمان

ئەو رۆحەی کرمەڕێزه، به حەز و خەونی ئەهریمانەی ژیان

گەڵای داری هەموو خولیا شەڕەنگێزەکانمان بوەرێنە

تاکو زەوی و ئەستێرەکانیش پشوو بدەن لە دەستمان

چەشنی مڵە بەربووینەتە ئاسمان، بەربووینەتە پەلکەزێڕینە

هەموو رەنگەکانمان،. بە رەنگی دزێوی خۆمان سواخ داوە

فریا بکەوە، وەرە سەر رێگای بەختیارییە سەیرەکانمان

ئەو بەختیارییەی لە هەستێکی ماسۆشییانەوە لە هێلکە جوقاوە

تۆ وەرە ئەی مەرگ، خەنەبەندانی چاوچنۆکیمان لێبکە شین

حەوت ملیار ئەمێبای زیانبەخشین، خۆرکەی گەردوونین

کۆمەڵێ شێرە بەفرینەن، بە هەتاوێك ئەبینەوە بە قوڕ و لیتە

فریاکەوە، ویژدانمان لە مەزادخانەی بێ ئابڕوویی فرۆشتووە

پۆلێ داڵە کەرخۆرەین، لەسەر کەلاکی تۆپیوی ژیان ئەژین

گرووپێ قالۆنچەی رەشین، بۆنی زێرابی خیانەت لە هەناسەمان دێ

ئەی مەرگی شیرین، بێ بەزەییانە رەشماڵەکەمان بدە دەست رەشەبا

زەوی لە شوێن پێ پیسەکانمان، بە دیتۆڵی رەوشت بشۆرەوە

بێ بەزەییانە، رەچەڵەکی قێزەونی مرۆڤ قەلاچۆ بکە لەسەر زەمین

وەك دەرمانی مەلاریا، بارانی خوڕت بپرژێنە بەسەرماندا

لە رەشبەڵەکی درۆکانماندا، ملیارەها لوغم و مین بچێنە

دروێنەی رەوشتمان بکە، کە پاکیزەیی زەوی لەکەدار کردووە

هەولێر نامەی کتێب

کون و قوژبنی گەردوون نەماوە، پیسمان نەکردبێ

وەك شەپۆلێکی توورە تاکو لێواری عەدەم بمانبەرەوە

دڵی ئاسمانمان تا ئۆزۆن وەك بێژنگ کون کون کردووە

چەك و پارە تاکە زمانمانە بۆ گفتۆگۆ لەگەڵ یەکتر

ئاکار و رەوشتمان، لە تەوالێتی بۆرسەیەکدا لێ بزر بوو

نیشتمان و پەرستگەشمان تەنها پێخەڤ سۆزانییەك بوو

وەرە ئەی مەرگ، بزانە ژیان چەند زەبوونە بەدەستمانەوە؟

چی جوانی بوو، تێزابرێژمان کرد و کردمان بە سووتماك

چی فەنتازیا بوو، هەموویمان کردە کورەی ئەتۆمییەوە

چی داهێنان بوو، هەموویمان بە دۆلاری لولکراو رووپۆش کرد

چی زانستە، کردمانە جەوەنەیەکی رەشەوە بۆ کۆیلەکردنی یەکتر

چی خودا بوو، هەموویمان کرد بە یەك خودا، ئەویش دراو بوو

چی ئەشقیش هەبوو، بوو بە نوکتە و حکایەتی گوێ ئاگردان

چی کتێبی دنیا بوو، هەموویمان کردە لوولەی گوڵەبەڕۆژە

تۆ وەرە مەرگ، گلاوبوونی زەوی لە چڵکی رەشی شعورمان بشۆرەوە

نەهێڵی کەوڵەکانمان، لەزەوی بسرەوێ، فرێیدە حاویەی گەردوون

نەهێڵی لە پەنا درەختێکەوە بمانێژن، نەکا فێری درۆی بکەین

نەهێڵی کۆتر لەسەر گۆڕەکانمان هێلانە بکا، نەبادا بە شەوارە بکەوێ

نەهێڵی خۆر هەڵبێ لەسەرمان، ئێمە بەندەی شەوە تاریکەکانین

ڕۆژی ڕووناکمان، ئەو کاتەیە دەستمان لە خوێنی یەکتردایە

تۆ وەرە ئەی مەرگ، ئەم گاڵتەبازاڕییەی مرۆڤ بە کۆتا بهێنە

توتکە سەگی ناو هەستمان، بە پەتی دڵڕەقیت بخنکێنە

پێهەڵگرە، داهاتووی گەردوون لە مەترسیی لەناوچووندایە

مرۆڤ، مرۆڤ، دەستی ناوەتە بینە قاقای سروشت

هەنگاوەکانت خێرا بکە، بە کۆمەڵ ڕیشەکێشمان بکە

ئەوەتا، هەموو شت ئەبارێ، تەنیا جوانی و ئەشق نەبێ

هەموو شت لێرە ئەبارێ، تەنیا مرۆڤایەتی و ماف نەبێ

ژمارەیەك قۆخی گەنیوین، باخچەمان پڕکردووە لە بۆنی ناخۆش

شووشەیەك کێم و جەراعەتی دەستی جەزرەتی ئیبلیسین

دڵی سەوزی گشت دەشتەکان ئەکەین بە بیابانی کاکی بە کاکی

خێرا وەرە ئەی مەرگ، کات زۆری بە بەرەوە نەماوە

لای مرۆڤ، کاتژمێری کۆتایی سۆز و بەهاکان و ژیرییە

کاتژمێری کۆتایی وڕك گرتنە لە حەزی وێرانخوازیی ناخمان

خێراکە، خێرا، لە مێژە کار لە کار ترازاوە، ئەدی تۆ لە کوێی؟

بۆ نایەیت شیرینی شیلکی خۆت بخەیتە ناو دەممانەوە؟

بۆ نایەیت کۆلارەی خەیاڵمان بدەی بەدەم گەردەلوولەوە؟

**بۆ نایەیت، چەپەڵیمان بە ئاوی روونی خۆت بسمیل بکەی؟**

**خێرا وەرە، ئەی مەرگی شیرین، شاری خۆشیمان وێران بکە**

**ئەو خۆشییەی تەنیا لە درۆیەك زیاتر نییە و لەسەر پشتی**

**ملیۆنان ئادەمی تر، تەلاری یوتۆپی خۆی رۆناوە**

**وەرە، ئەی مەرگی شیرین، سەمای خۆت دەستپێبکە**

**ئێمە کۆتا جار چاوەڕێی تۆین بمانخەیتە سەما..**

**چاوەڕێین .. چاوەڕێین**

هەواڵنامەی کتێب

**٢-٢-٢٠١٧**

**ئەڵمانیا - کۆڵن**

-٤-

## دەستنووسێکی کۆنی ئەشق

له دەستنووسێکی کۆنی ئەشقدا،

چەند سروود و غەزەلێکی ئەوینێکی پڕ جۆشم دۆزییەوە

لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت

ئەی پادشای خەمبارم، قولابی ئەشقت چەقیوە له دڵم،

ئاوازی کپ و بێدەنگت هاتۆتە ناو هاوار و ناڵەناڵمەوە

مەتەڵەکانی دڵمت هەمووی هەڵهێنا و شی کردەوە

جەرگی تاریکی شەوە ئەنگوستەچاوەکانمت شەق کردووە

لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت

ئەی ئیمپراتۆری ئەسرین، خوێنی گەرمت له منا دێت و دەچێ

له دووریی دوورە و تا چاو بڕ ئەکا، شەبەنگی بالآتم لێ دیارە

زریانێك له فرمێسك و خەندە له پێنووسەکەتەوە هەڵیکردووە

پیت بە پیت چیرۆکی ژانە خۆڕسکەکانت ئەنووسێتەوە

**لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت**

**ئەی گەڕیدەی ناکام، تۆ بوویت منت لەناو ئازارەکانتا ناسییەوە**

**وێنەی منت خستە نێو توێی ئەلبوومی چامە نەمرەکانتەوە**

**بە بەرچاوی درۆوە، ژانی هەقیقەتێکی تاڵ. تۆی کوشت**

**لە پەنا گۆڕی منەوە، لە سارای فیراقدا تەرمی تۆشیان ناشت**

**لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت**

**ئەی تاقانە یارەکەم، تۆ بوویت مزگێنی رووناکیت ئەدا بەشەو**

**مەلێکی پەڕاگەندەی گەرمەسێر بووی، بەرەو کوێستانی من هاتی**

**لە زەماوەندی مردندا، سەرچۆپیکێشی ژیان بوویت**

**لە دوورەوە ئەهریمەنی مەرگ نیشانەی لێ گرتییەوە**

**لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت**

**ئەی شازادەی دڵداری، تۆ بوویت ئاگری شادیت بۆ کردمەوە**

**پێشتر ئەمبینیت گووڵاڵە سوورەی باخچەی فیردەوس بوویت**

**بە یەك چرکە و لە ناکاو بوویتە دارئەرخەوانی سەر گۆڕستان و**

**وەك دارگوێزێ دەستیانکرد بە رنینەوەی پرچی پێکەنینەکانت**

**لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت**

**ئەی پاسەوانی جوانی، تۆ بوویت شمشاڵی غەریبیت بۆ ئەژەنیم**

**لە دوورەوە ئەمبینیت، جوانترین سەراب و ناوازەترین خەیاڵ بووی**

لە تەنیشتمەوە بووی، ئەو ساتانەی پەپولەی خۆزگەم هەڵدەفڕین

لە تەنیشتەوە بووم، لەو کاتەی هەردووکمان بووینە بیرەوەریی

لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت

ئەی میری ئاشقان، تۆ بوویت جۆگەلەی پێکەنینت رژاوەتە گوێم

لە نزیکت بووم، ئەو دەمەی کارێزی شیعرت بە رووما تەقی

لە دوورەوە بە نیگایەکت وەك مەشخەڵی گڕ داتدەگیرسانم

بە هێزی وشەکانت، دەریای مردووی دڵمت ئەخستە شەپۆلدان

لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت

ئەی میهرەبانترین پیاو، ئەوە تۆ بوویت ژنێتی منت ژیاندەوە

ئەسپی دڵی تەڕی خۆت،. لە ئەشقی مندا سەرمەدانە زین کرد

چەند سەرسامت ئەکردم، وەختێ بە بێدەنگی ئەتدواندم

لە فنجانی خەیاڵێکی سپییەوە، بەختی رەشی منت ئەخوێندەوە

لەو دەستنووسەدا،. بینیم نووسیبووت

ئەی سوارچاکەکەم، ئەوە تۆ بوویت ئەشکەوتی بیرت رۆشن کردمەوە

وەك پیری ئاتەشگا، ئاگری ئەشقت لەسەر رۆحم کردەوە

لە ئاسمانی تۆدا، تەنێ شوێنی فڕینی مەلە ئەویندارەکان دەبووەوە

ئیدی چۆن جەستەت لە گۆڕی تەنگدا ئەسرەوێ و جێی دەبێتەوە؟

لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت

هەوارنامەی کتێب

**ئەی تاقانەترین ئاشق، ئەوە تۆ بوویت گەمە مەحاڵەکانت ئەکرد**

**لەسەر هەسارەی نەزۆکی زەوی، تۆوی ئەوینت ئەچاند**

**رووی گوناهەکانت، بە ئاوی پیرۆزی ئەشق دەشووشتەوە**

**مرۆڤت رائەهێنا،. لە بری خوێن، مەی دڵداریی بخۆنەوە**

**لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت**

**ئەی جوانترین مەخلوق، ئەوە تۆ بوویت رەنگەکانت پێ ناساندم**

**رەنگی ئەشق و رەنگی خۆشەویستی و رەنگی جوانی**

**هەرچەند بینایم تار بووە و نازانم رەنگی تۆ لە کوێ بدۆزمەوە؟**

**لە کابووسی ژیندا، جێت نەبووەوە، باهۆزی مەرگ بردیتییەوە**

**٢٠١٧-١-١**

**ئەڵمانیا – بیلەفێڵد**

**(نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس – شتاسیۆنی نەخۆشی سەرەتان)**

هەواڵنامەی کتێب

## -٥-

## عودی تەنهاییم بژەنە

لە هەیوانی ماندووبوونەوە تەماشای لۆچی نێوچەوانی زەمەن ئەکەم و
ئەو سرووده ئەچڕم بەلەمێك پێش نغرۆبوون بۆ مانگەشەوی ئەخوێند
بیر لەو هەموو ساڵە ئەکەمەوە نەمتوانی دارەبەنی خۆشبەختی مارە بکەم و
لە نێو حەسارەکانی شین و زاریدا، شەبقەی تۆف و زریانم کردە سەر
لەو چرکە نەفرەتییە رائەمێنم پەنچەرەکانی ترووسکەم لەخۆم کلۆم دا و
بوومە دەرگاوانی دۆزەخ و بەکڵپەی ئاگر غوسلی خۆمم لە ژیان دەرکرد
ئەو ساتە لە سینگما پەنگ ئەخواتەوە بەرمۆدای نائومێدیی هەڵی لووشیم و
لە کەناراوی زیندەبەچاڵکردنی ئازادیی و خۆشەویستیدا تفیمییەوە
دەستم خستۆتە ژێر چەناگەم، ئەندێشەم لەسەر چڵی خەوزڕان نیشتۆتەوە و
ئەو رۆمانە ئەنووسمەوە وەك بزمار ئەچەقێت بە باوەڕە دەقگرتووەکانتا
خۆم و ئەسپە شێی بیرکردنەوە سەرکێشەکانم چیاکانی کپی ئەبڕین و
لە قوژبنی شەقامێکی چۆڵەوە هاواردەکەم عەشق لەگەڵ منا کۆتایی دێ

ئەو پەیڤانە شی ئەکەمەوە میتاڵی دڵی جەخار جەخاریان کردم بە ئاو و

لەو هەستە مەلوول و پەنهانەدا لە دایك ئەبمەوە تۆ هیچ کات دەرینابڕی

پەشیمانم لە درەنگ هەڵقوڕانی ئەو پێکە شیرینەی عەشقی هەژاوت و

لە پەڕینەوە بەسەر پردی خەونە بەهارییەکانتا بەرەو هەسارەی چاوەکانت

لە خۆم دەپرسم بۆچی هیچ پەلەقاژەیەکم نەکرد لەژێر چەقۆی تەنهایی و

باوەشم نەکرد بەو زەمینەی تەنها تۆوی ئەوینی تۆی تیا چێنرابوو؟

ئەمێستاش لەچاوبەستە ئەترسم منی ماسی لە ئامێزی دەریا تۆراند و

بووم بە تۆڕی مەراقەوە و لەحەژمەتی تەڕایی تۆدا بۆ هەمیشە خنکام

کە بارانی فرمێسکەکانت بەسەرما ئەبارین من چەتری رۆحم هەڵکرد و

تنۆکە ئەسرینەکانت لە رۆحما بوونە غەمگینترین رووباری گریاو

ئەوەندە باسم کردوویت بۆ ئاسمان، ئەستێرەکان هەموو ئەتناسن

ئەوەندە پەسنی تۆم کردووە بۆ باخ، سەدان گوڵ سەری خۆیان هەڵگرت

ئەوەندە لێم روانیوی بە بێدەنگی و بێ دوان، چاوم کەوتە قسەکردن

ئەوەندە خەیاڵم پێوە کردوویت، دڵم قەوزەی کردووە لە چاوەڕوانیتا

ئەوەندە پێکەنینەکانتم کردووە بە شیعر، فرمێسکەکانم دڵیان رەنجاوە

ئەوەندە نازی تۆم کرد بە سەمفۆنیا، مۆسیقاش سەری سووڕماوە!

بڕیارمداوە لە دێڕی هەموو شیعرێکما پێتبڵێم تا لوتکە خۆشم ئەوێی

بڕیارمداوە لە هەر هەناسەیەکما ئاهێکی سارد بۆ بیرکردنت هەڵمژم

**بڕیارمداوە لەسەر هەموو ڕێگاکانی چاوەڕوانیم هەمیشە تۆ ببینم**

**دەتۆش وەرە، بڵێ ئەمە خەیاڵ نییە، بەڵکو تەڕترین بەهاری ژیانتم**

**دەتۆش وەرە، تامی میوەی ماچ و راموسانم بۆ بگەڕێنەوە**

**دەتۆش وەرە، لە لێڵترین شەوانما لە ئاتەشگای بێکەسیما ئاگرێك بکەوە**

**دەتۆش وەرە، بە خاچی هاتنێکی ئەبەدییەوە هەڵمواسە**

**دەتۆش وەرە، بە سەرنجە سیحراوییەکەتەوە دیواری شیعرم هەڵچنە**

**دەتۆش وەرە، لە زەمەنی کەڕبوونی ویژداندا عودی تەنهاییم بژەنە**

**ئەوسا پێکەوە لە میحرابی ژووانێکا نوێژێك بۆ ئەشق ئەکەین و**

**دەست لە ناو دەست بەسەر مەیتخانەی دابونەریتدا باز ئەدەین**

**لە کۆتایشدا وەك دوو هەڵۆی بەرزەفڕی کوێستانان ئەفڕین و**

**ئەبین بەدوو ئەستێرەی نوێی عاشق لە فەسڵی خەزانی ئاسمانا**

**دە وەرە گیانی گیانم، تۆ تەنها کەرەمی هاتن بکە**

**٢٠١٧- سوێد**

**ستۆکهۆڵم - ڤارم دۆ**

-٦-

## دەرگاكە دابخەن مەرگ بەڕێوەیە

ئەو دەرگایە دابخەن، موغێك ئەڵێ مەرگێك بەڕێوەیە

لە زیڤینگێكەوە* تەتەرئاسا خۆی بەرەو ئێرە ئەكوتێ

ئەیەوێ چی دارچنارەكانە بیانكاتە كۆڵەوژی دۆزەخ

دێت رەشگ** و قینی لە مێژی خۆی بە ژیان ئەڕژێ

ئەو دەرگایە دابخەن، كاهینێك ئەڵێ مەرگێك بەڕێوەیە

چەشنی گێژەڵووكە چی گوڵە ئەیڕاكێنێ

هەروەك مڵە نەمامە ناسكەكان بێ ویژدانانە ئەخوا

سۆنامییەكە پاپۆڕەكان لەنیوەی رێدا تێكئەشكێنێ

خەونێكی شیرین لە چاوی زارۆیەك ئەزڕێنێ

ژووان و دەست لەملان لەدوو پەروانەی ئاشق تێكدەدا

ناهێڵی ماچێك بە گەرمی بگاتە لێوێكی تامەزرۆ

ئەو دەرگایە دابخەن، فاڵگرەوەیەك ئەڵێ مەرگێك بەڕێوەیە

هەوەسبازترە لەو پیاوانەی ڕۆژ لە باوەشی سۆزانییەکان ئەکەنەوە

بێ بەزەیترە لەو جەلادانەی ئەشکەنجەی باران ئەدەن

بێ هەستترە لەو سیخوڕانەی چاودێریی مانگەشەو ئەکەن

تاریکترە لەو ژیانەی شەمشەمەکوێرەکان بەسەری ئەبەن

بێ شەوقترە لە گەلاَ زەردەکان کە بە فرمێسکەوە ئەوەرێن

لێڵترە لە ئاوی ئەو ئۆقیانووسە دڵ مردووەی قەت ئاشق نەبووە

ئەو دەرگایە دابخەن، شێتێك ئەیووت مەرگێك بەڕێوەیە

لاسارترە لە شێتەکانی شار کە بەفر تووڕە ئەکەن

بێ ڕەنگترە لەو ئەهریمەنانەی چاڵ بۆ کۆترێ هەڵئەکەنن

دڵڕەقترە لەو ڕەشەبایەی داروپەردووی کوخی هەژاران بەیەکا ئەدا

بێ ئەمەکترە لەوەی بۆنی عەترێ بکا و شووشەکەی نەشکێنێ

بێ شەرمترە لەوەی بەلای باخێکدا بڕوا و ئاگری دەروونی خۆی پێنەگەیەنێ

بێ ڕەوشتترە لەو جەردانەی تاریکی شەوەکان ئەقۆزننەوە

ئەو دەرگایە دابخەن، قەشەیەك ئەڵێ مەرگێك بەڕێوەیە

نوقلاَنە لێ مەدەن، هاتووە دارتووە بەردارەکان بوەرێنێ

هاتووە، دۆستایەتی دێرینی کانی و رووبار تێکبدات

هاتووە گەزۆی ژیان لە دەمی پاسارییەکان بفڕێنێ

هاتووە چڵی پێکەنین لە دار سنەوبەری خۆشبەختی جیا بکاتەوە

هاتووە جادووی رەش لە بووکی یەك شەوەی ئەستێرەیەك بکا

هاتووە شەڕێکی ئەبەدی لەنێوان رەیحانە و گوولاو هەڵگیرسێنێ

هاتووە ئاگرێك بکاتەوە تا جوانی کولّ و کۆی دامرکێتەوە

هاتووە پەتی سێدارە بخاتە گەردنی بەرزی شاخەکان

هاتووە ئایدزی خۆی بگەیەنێت بە تینی مۆمە بێدارەکان

هاتووە کەوە یاخییەکان لە قەلەڕەشی نەگبەتی مارە ببڕێ

ئەو دەرگایە دابخەن، عارفێك ئەڵێ مەرگێك بەڕێوەیە

باهۆزێکە لە بن عەرشی ئەهریمەنەوە بۆگەناوی هەناسەی دێ

بیابانێکی کاکی بە کاکییە، سەوزایی دەشت ئەبوغزێنێ

پیرە جرجێکە، چاوی بە فڕینی قازوقولّنگەکان هەڵنایێ

دارکونکەرەکەیە، لەشی دارپرتەقاڵەکان کون کون ئەکا

زستانێکە، تەنیا وەیشوومە و کابووس لەگەڵ خۆی دێنێ

پایزێکە، هەر خەزانی لە هەناوی خۆیدا شاردۆتەوە

ئاسمانێکە، بارانی فرمێسك و بەفری گریانی لێوە ئەبارێ

شەمەندەفەرێکی ویڵە کەس نازانێ ئەتگەیەنێتە کوێ

قامووسێکە، هەزاران زاراوەی ترسناکی لە خۆ گرتووە

باخچەیەکی رەشپۆشە، تەنها گوڵی رەشی تیا ئەڕوێ

ئەو دەرگایە دابخەن، ساحیرێك ئەڵێ مەرگێك بەڕێوەیە

لە ڕەوە کولەیەك ئەچێ، گوڵەگەنمی تەمەن تام ئەکا

لە قرژێ ئەچێ ئاوی شینی دەریا، بە خوێن سوور ئەکا

لە بەرازێکی پیر ئەچێ، گێرەی کەون تێك ئەدا

لە ڕەشمارێك ئەچێ، دەفری وجوود پڕ ئەکات لە ژار

لە گورگێك ئەچێ کە پەلاماری مانگی تابان ئەدا

لە دێوێکی سیلاوی ئەچێ، سەرزەمین پڕ ئەکا لە تاعون

ئەو دەرگایە دابخەن، زاهیدێك ئەڵێ مەرگێك بەڕێوە

بەڕێوەیە، کلارنێتەکان خامۆش بکا و دەرگای بێدەنگی بخاتە سەرپشت

بەڕێوەیە چۆمەکان وشك وشك بکا و گۆڕستانەکان ئاوەدان بکاتەوە

بەڕێوەیە شارەکان بکاتە سووتوو و مرۆڤەکانیش بگۆڕێ بۆ خۆڵەمێش

بەڕێوەیە، کۆراڵی ژیان قڕوقەپ پێبکا و سەگوەڕ بکاتە سمفۆنی

بەڕێوەیە سەما بکا بە ماتەم و تەلارە رازاوەکان بکاتە کەلاوە

بەڕێوەیە پەڕۆی سەرچۆپی بکاتە پەتی قەنارەی شایی

بەڕێوەیە بزەی لێوەکان بکاتە ژەهری ناو شەربەتی خەیاڵ

بەڕێوەیە بە بارێك درۆوە و ئەیەوێ فریشتەکان ڕەدووی بکەون

بەڕێوەیە لە ناوەختا پەیکەری تەمەن ئەڕوخێنێ و کاتژمێرەکان ئەوەستێنێ

ئەو دەرگایە دابخەن، خودا خۆی ئەڵێت مەرگێگ بەڕێوەیە

وەك سوپایەکی خوێنخۆر دێ، تەنیا کاولستان دوای خۆی جێدەهێڵێ

وەك گروپە دایناسۆر دێ، هەموو شتێ لە ژێر پێیدا دەپلیشێتەوە

**وەك کەمتیار دێ، دەم ئەخاتە ناو کەلاکی ژیان و بەخێرایی ئەیجوێ**

**وەك یاجووج و ماجووج دێ، سەرچاوەکانی رووناکی وشك ئەکا**

**وەك دەجالێك دێ، ئاوێنە روونەکان ورد و خاش ئەکات**

**ئەو کاتەی دێ، رێ لە شەپۆل ئەگرێ بگاتەوە ئامێزی دەریا**

**رێ لە نیگا ئەگرێ، بگاتەوە مەملەکەتی پڕ جۆشی دڵ**

**رێ لە زێ ئەگرێت، بچێتەوە باوەشی رووبار**

**رێ لە باران ئەگرێ، جارێکی تر بڕواتەوە ئاسمان**

**رێ لە شەو ئەگرێ، ژووانێك لەگەڵ رۆژ ببەستێ**

**رێ لە هەموو شتێ ئەگرێ تەنیا یەك شت نەبێ**

**تەنیا رێ لە چاڵە هەزار بە هەزارەکانی خۆی نەبێ**

**تەنیا رێ لە خۆی ناگرێ**

**تەنیا خۆی**

**خۆی**

**خ**

**ۆ**

**ی**

**٢٠١٧-١-٢٨**

**ئەڵمانیا - بیلەفێڵد (نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس)**

***زیڤینیگ: ئەشکەوتێکە خەڵك تێیدا بژی**

**** رەشگ: حەسوود**

## -٧-

## خەونێك لە خەونەكانمدایە

خەونێك لە مندا كەوتۆتە شەپۆلدان
لەگەڵ خۆی ئەمباتەوە ئەو خەڵوەتگایەی بۆ یەكەمین جار
كتێبەكانی ئەشقم تێیدا خەتم كرد و
بۆ یەكەمین جاریش بینم نا بە قومە ژەهری ژیانەوە،
هەر لەوێش سەرەتا بوومە ئەو پەروانە دەم بەپێكەنینەی
لاوكی بۆ گوڵە پەمەییەكانی باخ ئەچڕی و
لەگەڵ غروبدا سەری خۆی بۆ بناری تیشك هەڵئەگرت،
بەیانیان پێش باخەوانەكان باخچەكانی بێدار ئەكردەوە و
نیوەڕوانیش پرچی سەوزی بەهاری شانە ئەكرد
بوومە ئەو نەورەسە چاو خوماریيە سەرەڕۆیەی
ختووكەی مانگی ئەدا و لەئاوابوونی خۆری ئەڕوانی و

سەرگوزەشتەی شەپۆلێکی ئاشقی بە گوێی دەریادا ئەچرپاند،

زۆر جاریش بەدەم تەیکردنی رێی ئاسمانەوە

لە شەنگەبییەکانی بەردەم ماڵی قەرەجێکی ئەڕوانی و

لە دیمەنی دووکەڵی ئاگردانەکان ورد ئەبووەوە

لەسەر دەفتەری خەیاڵیش یاداشتەکانی خۆی ئەنووسییەوە

بوومە ئەو ونبووەی لە نێو کۆڵانەکانی دڵدا بزربووم و

لە بنبەستی کوچەیەکدا دامە پڕمەی گریانێکی بە کووڵ بۆ

ئەو رۆژانەی تەمەنم لە دووری گێلاسی ماچەکانت بوون بە تەم،

بۆ ئەو شەوانەشی لە پشت چراخانی رۆژگاری درۆزنەوە

وەك کۆترێکی باڵشکاو بەربوومەوە دۆڵی هەڵپڕووکانەوە

بوومە پیرە سۆفییەکی خانەقای دڵشکاویی

مووناجات و قووڵپی گریان ئەگۆڕم بۆ قاقای پێکەنین

رەنگی زەردی پایز لە سەوزایی بەهار هەڵئەکێشم

فەرامۆشیی دەروون ئەکەمە سترانێکی داگیرساو

دۆلاّبی خۆزگەکانم سەراوڕێژ ئەکەم لە سەراب

رەونەقی ژیانی لاویم لە چرچی تەمەنەوە ئەپێچم

کاسەسەرم ئەکەم بە تەپڵەکی ئەو سیگارانەی

بە دیار رۆژە ئاڵۆزکاوەکانمەوە هێدی هێدی ئەسووتان

فنجانی قاوەکەم لێوانلێو ئەکەم لە خەمی شیرین

بەهەشتی خەیاڵیشم بە ئاگری بێ تاقەتی ئەکەمە سووتماك

هۆدە چۆڵەکانی ژینم تەژی ئەکەم لە مەیلی خۆکوشتن

بوومە ئەو موسافیرەی

نیشتمانم لە نێو جانتای سەفەرێك لە بیر چوو

ژیانیشم فەردەیەکی قورسی ژانە بە کۆڵمەوە و

ئەشقم لەنێو سندووقی رزیوی دڵما بەند بووە

لەسەر هەموو شارێکانی شادیم لوغمی بێهودەیی چێنراوە و

بەختەوەریی گەمە و چاوشارکێم لەگەڵ ئەکات

منیش لە تولە رێگاکانی مردنا تووشی ژیان ئەبم

کە چیتر کەناری دڵم بەسەر ساردوسڕیی وجوددا ناخوێنێ

بوومە ئەو رێبوارە شەکەتەی بەدوای جوگرافیای خۆشیا وێڵ بووم

سەفەرم کرد لەگەڵ ئەو باڵندانەی لە وەرزی کۆچدا

رووەو باخە ئاڵەکانی ونبوون لە شەقەی باڵیان دا

لەگەڵ بارینی تاوە تەرزەی شوومی و نەگبەتی

چەتری دەستم رەشەبای نیگەرانیی ڕفاندی

دەنکە مێووژی تاڵیم لە گیرفانی شەرواڵی زەمەن

دەنك دەنك دەرئەهێنا و دەمکردە مەزەی

پێکە تفتەکانی سەفەرێکی بێ ئەنجام

بازم ئەدا بەسەر گۆڕە هەزار بەهەزارییەکانی جوانی و

گڵۆپەکانی غوربەتم بۆ پەناگە تاریکەکانی شیعر دائەگیرساند

بەرلەوەشی شیعرێك بنووسم، هەزاران ئازار ئەینووسیمەوە

پێش ئەوەی رستەیەك وەك بۆڵە ترێ

لە هێشووی قەسیدەیەك بکەمەوە

سەدان گوڵ لە باخی دڵم ئەکرانەوە

بوومە ئەو قەرەجەی زەمیلەیەك خەمی نارنجیم

بە کیشوەرەکانی تەمەندا ئەگێڕا و

بێ ماندووبوون دەسکەنەی رەشبینیم ئەکرد

چنگم لە رەشترین هەسارە گیر ئەکرد و

دووباڵم لە هەڵم دروست ئەکرد تاکو پێی بفڕم بۆ

پشتی شوێن و ئەودیوی کات، تاکو

سەرمەست ببم بە هیچ، لە هیچ زەمەن و شوێنێکیشا نەبم

بە پێنووسی گۆشەگیریی سەرگوزەشتەی

ئەو کانییە ئەگێڕمەوە لە دڵما وشکی کرد

مێژووی ئەو شارە ئەنووسمەوە لە رۆحما بوو بە زرێبار

چیرۆکی ئەو سەفەرە ئەنووسمەوە هەرگیز نەمکردووە

داستانی ئەو ئەشقە ئەنووسمەوە هیچ کات بەدەستیناهێنم

بیرەوەریی ئەو گۆمە ئەنووسمەوە لە وشکانی چاوەکانما خنکا

سیڤی ئەو شاخە ئەنووسمەوە لە چاوتروکانێکا بوو بە غوبار

بیۆگرافی ئەو شەمەندەفەرە ئەنووسمەوە ناگاتە وێستگەی چاوەڕوانیم

بوومە ئەو نسرمەی هیچ وەخت خۆری لێ هەڵنایە و

دڵداریی لەگەڵ ئەو دارتووە زڕە ئەکەم هیچ چۆلەکەیەك

هێلانە لەسەر دڵی ناکات و هیچ کۆترە شینکەیەك سڵاوی لێ ناکات

نەفرەت بۆ ئەو تفەنگە رزیوانە ئەنێرم کە وەیشوومەی شەڕن و

دڵی ئەو سەربازانە ئەدەمەوە، پێش ماچێك کەوتنە بەر دەسڕێژی مردن

سەما لەگەڵ ئەو شمشێرانە ئەکەم چەرچەفی ماندووبوون ئەدڕن

یاری لەگەڵ ئەو شنەبایانە ئەکەم سرووشت عەزف ئەکەن

لەگەڵ ئەو رەشابانەیەش دەچمە ژوان سەرپۆشی کەساسیم هەڵئەدەنەوە

بوومە ئەو شاعیرە کەمدووە چاو دەریاییەی بە ئەشقتان ئەناسێنمەوە

لە نیشتنەوەی کۆتری ماچ لەسەر لێوەکانتان بە ئاگاتان ئەهێنم و

چێژی راموسانتان لە گۆزەی شیعردا بەسەردا ئەڕژێنم

لە کۆتایی ئەمڕۆدا بە سورەتی دڵداریی تەلقینتان ئەکەم بۆ سبەی

لەم چەرخە سۆزانییەدا پریاسکەیەك تریفەتان لە بەردەمما

هەڵدەڕژم بێ ئەوەی کەستان هەڵپە بکەن بۆ کۆکردنەوەی

لەم سەدە کەڕەدا پڕ گوێیەکانتان ئەکەم لە سەدای پیانۆیەکی دڵتەنگ

لەم زەمانە لاڵەدا لە بری ئێوەش مروەتی خۆم نیشانی میهرەبانیی ئەدەم و

پڕ بە گەرووم هاواری لێدەکەم و بانگی ئەکەم بۆ سەر سفرەی دڵڕەقی

لەم رۆژگارە سپڵەیەدا ئاگرێك لەسەر بەستەڵەکی غرورتان ئەکەمەوە و

بە تینی دیوانێك ئەتانسووتێنم لە دەرگای واقعشەوە دەریبکەین

لە پەنجەی خەیاڵەوە خۆی بکاتەوە بە ماڵی دەروونتانا

بوومە پاڵەوانی ئەو رۆمانەی لە هەموو شتێك ئەدوێ تەنیا دابڕان نەبێ

باسی هەموو رەنگەکانی خۆشەویستی ئەکات تەنێ رەنگی فیراق نەبێ

بە شان و شکۆی هەرچی مەلە هەڵئەدات تەنیا کونەپەپووی رق نەبێ

پێناسەی هەموو مەخلووقێکی لە خۆگرتووە جگە لە قەلەڕەشی زام

یادگاریی هەموو مرۆڤێکی لە خۆیدا جێ کردۆتەوە تەنێ ئەو جۆرە

مرۆڤانە نەبێت تاکو ئێستاش سڵاوێکیان لە کۆتری ئەشق نەکردووە

هەموو هەڵوەرینێکی تێدا تۆمار کراوە جگە لە هەڵوەرینی ئەو

عاشقانەی لە وێستگەی یەکەمدا لە فارگۆنی ئەشق دابەزین

هەموو جۆرە شیعرێکی تێدا نووسراوەتەوە بەدەر لەو شیعرانەی

بە خوێناوی ئەڤینداریی نەنووسراونەتەوە

چیرۆکی هەموو شەوەکان ئەگێڕێتەوە جگە لەو شەوە نائارامانەی

بەردی تێدا ئەگیرێتە کوخە بچووکەی دڵ

**پڕاوپڕە لە وەسفی "با" جگە لەو باهۆزانەی دەفتەری دەستی**

**عاشقان ئەفرێنن لە کاتی نامەنووسینا بۆ یارەکانیان**

**هەموو پرسیارێکی لە خۆگرتووە تەنێ ئەو پرسیارانە نەبێ**

**وەڵامەکەی بۆنی بێڕەحمیی و دۆزەخی مەنفا لێدێ**

**هەموو جۆرە پەرستگایەکی تیا رۆنراوە، جگە لەو پەرستگایەی**

**راهیبەکان وەك ئاسنگەرێك دڵی هەتاوی تێدا دەکوتنەوە**

**هەموو جۆرە کتێبێکی لە هەناودایە، جگە لەو کتێبەی**

**نووسەرەکەی لە پەسنی عەرشی سوڵتاندا نوسیوویەتی**

**هەموو خەونێکی تێدا ئەبینرێ جگە لەو خەونانەی ماناکەی**

**سەرهەڵگرتنی گوڵە لە حەرەمی باخ**

**هەموو خەونێك لە نێو خەونەکانی مندا ئەبینرێ**

**جگە لەو خەونانەی تۆ لە من دوور ئەخاتەوە**

*******

**ئەڵمانیا – کۆڵن**

**٢٠١٧-٦-٣**

## -٨-

## ژنێك لە بنەچەی درەوشانەوە

ژنێك رەگێکی ئەچێتەوە سەر باڵندە کۆچەرییەکانی رۆژهەڵات و
رەگێکی تری ئەچێتەوە سەر شنەبای وەرزی هاوینان
لە بنەچەی درەوشانەوە و لەژێر ساباتی تریفەوە هاتووە
لەو ساتەی رووباری حەزەکانم وشکیان کرد و
پەڵە هەورەکانی ئاسمانی دڵم خەمیان ئەباراند
بە پۆشاکێکی سەرتاپا پیرۆزەییەوە ئاسکە کێوی رۆحمیماڵی کرد
پەیکەرێکی لە ئازارەکانی نیشتمان لەم غەربیستانەدا بۆ رۆنام و
لە شەوقی مۆمێکی باریکەلەدا کتێبی توانەوەی نووسیم
بە سەدایەکی سیحرئامێزانە گوێیەکانی پڕ کردم لە زرینگانەوە
لە شکاندنەوەی پەلی خەیاڵم مەملەکەتێکی واقیعی بنیاتنا
قەڵغانێکی لە هەڵاتن پێبەخشیم بۆ ئەوەی شمشێری ئاوابوون نەمبڕێ

جامێك ئاوی ئومێدی پێدام لە زەمەنی کۆمەڵکوژیی گوڵەکاندا

دەستی میهرەبانیی ئەهێنا بەسەر هەنسکەکانما کاتی ناشتنی مانگ

غەزەلێکی تری بۆ وتم لە کەرنەڤاڵی مەستبوونی عاشقە و ماشقەکانا

رەنگی ئەکردم بە سوراوەکەی وەك باخچە هەڵواسراوەکانی بابل

لەوساتەی دەمویست ماڵئاوایی یەکجاریی لە عەشق بکەم

پێی وتم بەخێربێی کۆتری باکوور بۆ نێو حەرەمی سۆزی من

گەورەبوونمی بردەوە بەردەم ماڵی منالیم و

بەدەنگێکی بەسۆزەوە وتی ناهێڵم بۆ هیچ کوێ بڕۆی جگە لە دڵم

رۆیشتنمی گەڕاندەوە بۆ نێو جوگرافیای هەستەکانی خۆی و

بە هێمای چاو پێیوتم بۆ کوێ ئەڕۆی، من چەند قەڕنە چاوەڕێتم؟

لەنێو کێڵگەی رۆژانی داهاتووما تۆوی گوڵە ئەوینی رواند و

بژاری رابردووی کردم لە دڕك و داڵی چەندان جاری دڵشکان

بە کامێرای رۆندکەکانی وێنەی تریقانەوە و خۆشحاڵییەکانی ئەگرتم

بە ساتۆری پاکیزەیی قژی لوولی پەرێشانییەکانی هەڵئەپاچیم

بەدەستە نیانەکانی گۆڕی بۆ ساڵەکانی چاوەڕوانیم هەڵکەند و

بە چاوتروکاندنێك خزاندمییە وەرزی هەمیشە بەهاری باوەشییەوە

بە فلچەی نیگا خوماریيەکانی پۆرترێتی حەپەساوییەکانمی ئەکێشا و

لە پێشانگای ئاسماندا لەبەردەم مەلە گەڕۆکەکاندا نمایشی ئەکرد

لە خەرابستانی تەمەنما پارچە شکاوەکانمی کۆلاج ئەکرد و
سەرلەنوێ لەسەر شێوەی دیوانەیەکی دڵ مرواریدا دروستی ئەکردمەوە
بانگی ئەکردم بۆ سەر تەختەی ئەو شانۆ نەشئەئامێزەی
سەمای گوڵەئەستێرە عاشقەکانی تێدا نمایش ئەکرا
ئەیبردم بۆ ئەو نیشتمانەی، بەیانیان گۆرانی تیا دابەش ئەکرا و
ئێواران شیعر و شەراب، شەوانیش ماچی تیا ئەگۆڕدرایەوە
هاوسەفەری ئەو هەنگاوانەم بوو، ملی ڕێگەم بۆ کوچەکانی عیشق گرتبوو
لە تەنیشتمەوە بوو ئەو دەمانەی پەپولەیەکی بێکەس
لە گوڵێکی لە خۆبایی ئەپاڕایەوە
لەنێو مشتەکانیدا توند کۆتری دڵمی ئەگووشی نەکا هەڵفڕم و
لە بناری چیایەکی سەوز و بڵندتردا بگیرسێمەوە
گوێی ئەنا بە سینگمەوە تاکو کۆراڵی هەستەکانم ببیستێ و
سەری لەسەر سینگم بێ و بەدڵنیایی بنووێ
تنۆکاوی رووخۆشی تك تك ئەڕژاندە سەحرای رووگرژییەکانم و
لە لم و غوباری ئەو سەحرایەشدا یاسەمینەکانی ئەخستە شکۆفە
بەگێلاسی لێوەکانی مژی لە هەموو ژان و ئێشە شیرینەکانم ئەدا و
نەیهێشت دوا نەفەس لە سیگاری خۆکوشتن و لەناوچوون بدەم
بە لیمۆبارانی زەردەخەنەکەی چی جوانییە چۆڕاندییە ناو بینایم و
بە تین و گەرمی خۆرەتاوی بالآی چی بەفری فیرقەتمە تواندییەوە

به سەوڵی ناز و عیشوەی دەریای مردووی هەستەکانمی هەژاند و
لە شەپۆلەکانیشما ئاگری دۆزەخی دووریی لە شانی ئەتەکاند
بە هەنگاوە خێراکانی، بەجێمانمی کردە گێرفانەکانی بیرەوەرییەوە و
پێکە ساردەکەی پڕ کردم لە بۆنی رەیحانە و مێخەکی هەناسەی
سوێندی دام بە مەرگی چڵێ نێرگز و خاتری ترپە ترپی چرایەك
شیعرم لە ماچەکانی هەڵکێشم و خەون بە ماچێکی تریشەوە ببینم
فێری کردم کفنی مەرگ بە هۆنینەوەی شیعرێك بۆ ژیان بدڕم و
لە تابلۆی گەڵا هەڵوەریوەکاندا سیمای چرۆ سەوزەکان ببینم
رێی رۆشتنی لێگرتم لەو ئێوارەی شەقاوم بەرەو عەدەم دەنا و
بەڵێنی ژوانێکی تەڕتر لە باران و گەرمتر لە ئاگری پێدام
لە قرچەی سووتانما، منی دایە دەست حەزرەتی شنەبا و
وتی ئەم پیاوە سەرچڵە ئەمانەتی منە دڵیم بۆ فێنك بکەوە
بە باوەشە گەرمەکانی، پیاڵەی بەتاڵی وجودمی پڕکرد لە شەراب و
بە هەنسکە حەسرەتبارەکانی سەرتاپای ژیانمی لە خەندە هەڵکێشا
بە چاوە فرمێسك تێزاوەکانی، دەیڕوانییە کاروانی کەیف و سەفام و
لە نوێژەکانی عەشقیشا، یەکەمین دوعای بۆ مانەوەی من بوو
لە کۆتایی هەموو رێگەکانیدا، هەر ئەگەیشتەوە بە ئەوینی من و
منیش لە کۆتایی هەموو خەونێکما لە باوەشی ئەودا ئەنووستم

ئەڵمانیا – کۆڵن

سەرەتای یولی ٢٠١٧

-٩-

## هاتووم بەرەو لای تۆ

**هاتووم خۆم هەڵسووم لە بۆنی پرچەکانت**

**تاکوو ببمە شووشە عەترێکی رژاو بەرووی دنیادا**

**هاتووم وەك نەمامێك لە کۆشی تۆدا بڕوێم**

**تا وەك شۆڕەبییەك بەسەر خەیاڵەکانتا بڵاوببمەوە**

**هاتووم لە سینگی تۆدا سۆراخی چێژێك بکەم**

**تاکوو لە ئاسمانی تۆدا لە شەقەی باڵ بدەمەوە**

**هاتووم جەستەی نەرمت بە ئەسپایی هەڵکرۆژم**

**تاکوو لە دڵتا وەك سنەوبەرێکی شەرمن بمنێژیت**

**هاتووم دەستەکانم بخەمە نێو دەستی ماندووتەوە**

**تاکوو راددەی توانەوە و ئاوێتەبوون هەڵیانگلۆفم**

**هاتووم لە کانیاوی چاوەکانتا تینوێتیم بشکێنم**

**تاکو مۆمی کزی تەمەنم بەسەر هەستتا بتووێتەوە**

هاتووم بە دوای خەونێکی گشت ژیانما ئەگەڕێم

تاکوو لافاوی ماچم مەراقی دەروونت بشواتەوە

هاتووم وەك شوێنکەوتووی دێوانەیەکی دێرین

تاکوو لە بناری مەمکەکانتدا مندالٚ ببمەوە

هاتووم لەشت بکەمە پیانۆی ئاوازێکی دەگمەن

تا پەنجەکانم بە سمفۆنی ئەوین ئاشنا بکەمەوە

هاتووم بولبوولی رۆحت لە قەفەز دەربێنم

تاکوو دەستلەملان و ئاوێزانی بالاٚت ببمەوە

هاتووم پڕ بە سییەکانم هەناسەت هەلٚمژم

تاکوو نەفەسی ژیانم سەرلەنویٚ بۆ بگەڕێتەوە

هاتووم بەرەو ئەو شەتلٚگەیەی تۆی تێدا رواویت

تا وەك هەنگێك شیلەی لێوەکانت بنۆشمەوە

هاتووم سۆمای چاوت لە ئەنگوستەچاوێکدا بدزم

تا دیدەی تاریکی رۆحمی پیٚ رۆشن بکەمەوە

هاتووم لە سپێتیتا خۆم لە گوناه پاك بکەمەوە

تاکوو لەنێو برژانگەکانتا دووبارە بڕسکێمەوە

هاتووم بەرەو گولٚستانی چڕ و پڕ جۆشی تۆ

تاکوو گولٚی ماچەکانت نەڕنم هەرگیز ناڕۆمەوە

هاتووم لەئاگری ئەوینتا ببمە قەقنەز و خۆڵەمێش

تا رەشەبایەك بەسەر تۆدا پەرش و بڵاوم بکاتەوە

هاتووم قژی ئازارەکانت بە پەنجە شانە بکەم

تا نەمرم هیچ کات لێوم لە لێوەکانت ناکەمەوە

هاتووم بتکەمە قیبلەی هەموو نوێژەکانم

تاکوو لەسەر بەرماڵی دامەنت سەربنێمەوە

هاتووم دەستنوێژم بە بارانە فرمێسکت هەڵگرم

تاکوو کورەی ئەشقم، تەزیویت گەرم بکاتەوە

هاتووم لە پێڵووی چاوەکانتدا ببمە چرایەك

تا حەرف بەحەرف لە شیعرەکانما بتنووسمەوە

هاتووم قورسایی خۆشەویستیت لە کۆڵ بنێم

تاکوو لە نێو دەممدا شەکری دەمت بتوێتەوە

هاتووم کۆدی هەموو نهێنییەکانی ژیانم بکەمەوە

تاکوو لە بوخچەی نهێنییەکی نوێدا بتشارمەوە

هاتووم رازی نەبیستراوی رۆحم بۆ تۆ بدرکێنم

تا لەحەسرەتی باوەشی پڕ سۆزت سەرنەنێمەوە

هاتووم شەبەقی تەنهاییت بە ئەشق پڕ بکەمەوە

تاکوو وەك بەفر بەسەر بێزارییەکانتا بتوێمەوە

**هاتووم دەلاقەیەك بۆ ماچ و باوەشت بدۆزمەوە**

**تاکوو لەگەڵ خۆری تۆدا هەموو رۆژێ هەڵبێمەوە**

**هاتووم لەگەڵت بم و بۆ هەمیشە لات بمێنمەوە**

**تا شەربەتی ماچەکانت بڕژێتە گەرووی تاڵمەوە**

**هاتووم تێر بە بینایم لە جوانییەکەت بڕوانم**

**تا قومێ لە پێکەنینی پڕ ئەفسوونت بخۆمەوە**

**هاتووم لە گۆمی گریانتا بێ سەرو شوێن ببم**

**تا ببمە بارانی ئەشقێك سەرتاپا بتخوسێنمەوە**

**هاتووم مێژووی سووتانی دڵمت بۆ بگێڕمەوە**

**تاکوو لە باوەشێکتا هەستی بزرکاوم بژێتەوە**

**هاتووم ئومێدە وەریوەکانم لە تۆدا بدۆزمەوە**

**تا بەهیوای راموسانێك وەك ژیلەمۆ بگەشێمەوە**

**هاتووم دڵی خۆم بە تاڵی زوڵفت لە سێدارە بدەم**

**تاکوو دوای تۆ وەك بێ دڵێك لە ژیاندا بمێنمەوە**

*********

**ئەڵمانیا – بیلەفێڵد**

**نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس – شتاسیۆنی نەخۆشی سەرەتان**

**٢٠١٧-٣-١٢**

-١٠-

## پیاوێکم لە ئاوریشم

پیاوێکم لە رەنگی وەنەوشەیی خەونی منالێك
کە فەقیانەی هەموو ئازارەکانم کردۆتەوە و
لە باوەشی هەموو دەریاکاندا مرواری ئەشقم دۆزیوەتەوە
پیاوێکم لە ئاوریشم و نەرمتر لە دڵی شیرەخۆرەم و
عاشقتر لەو خۆرەتاوەی پرچی سپی بەفر دائەهێنێ و
سەوزتر لەو سنەوبەرە یاخییەی کۆڵانی دووەمی عەقاری
پیاوێکم لەوەتی فامم کردۆتەوە لە ناو کتێبدام و
خوێنم بووەتە حیبر و دڵم لاپەڕە و جەستەم بووە بە چاپخانە و
باڵای هەست و شیعرم هەر رۆژەی گوڵە قەسیدەیەك ئەگرێ
پیاوێکم لە جنسی نەسیم و خاوەنی دڵێکی سپی
وەك ئەو گوڵە سپییانەی کۆدەکانیان هەر لای خۆمن و
لە شەبەقی هەر سپێدەیەکدا بە دڵ بۆنیان پێوە ئەکەم
پیاوێکم بەو هەموو نەرمییەوە وەك دڵۆپە ئاو

دڵی بەردیش هەڵدەکۆڵم و گۆرانی بۆ چرای کوژراو

و رەزی سووتاو و کۆتری باڵشکاو ئەچڕم و

ماندوو نابم لە گەڕان بەناو تونێلە تاریکەکانی عەدەمدا

بە مەبەستی دۆزینەوەی مۆمێکی دڵشکاو

پیاوێکم هەرچی فریشتەیە ئەمناسن و

چی دار هەنارە خۆشیان ئەوێم و

لەناو کپی و سکوندا خەیاڵ بە دەنگ ئەهێنم و

لە ناو جەنجاڵیشدا ئایەتەکانی بێدەنگی ئەنوسمەوە و

لەناو قەفەزی ژیانیشدا بولبول ئاسا ئاوازی ئازادیی ئەخوێنم

پیاوێکم سپیتر لە بەفر و روونتر لە ئاوێنەی کچێکی شۆخ و

پاکترم لە دامێنی مریەم و بڵندترم لە لوتکەی چیا و

سادەترم لە منداڵ و میهرەبانترم لە پەری پرچ خاو

پیاوێکم بۆ کۆکردنەوەی وشە ئەژیم و بۆ شیعر ئەمرم و

لە ئازارەکانەوە جوانی هەڵدەهێنجم و لە خەیاڵەکانەوە

کانیاوی ئەوینم هەڵدەقوڵێ و لە بیابانی فیراقەوە

پەیامی خۆشەویستی و پێغەمبەرایەتی خۆم ئەنێرم

ئەڵمانیا – بیلەفێڵد (نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس)

٢٦-٣-٢٠١٧

## -11-

## ئاشقێکی سەرکەشم

دەروونی گڕگرتووم بە لێزمەی بارانی چاوەکانت دادەمرێتەوە و

پەلی بێزاری درەختی سیمام دەشکێتەوە نێو لەپی دەستەکانت و

لە دڵەڕاوکێکانتا وەك مەلێکی خوساوە خۆم گرمۆڵە کردووە و

ڕەنگم وەك خۆرەتاو زەرد هەڵگەڕاوە چەشنی ئەو ئێوارانەی

بە بێدەنگی ماڵئاوایی لە ڕۆژەکانی تەمەنم ئەکەن، یان

ئەو سپێدانەی بە ئەسپایی دێنە پێشوازیی ئارەزووە خنکاوەکانم

تۆ لەم کاتەدا هەر ئەوەت لە بیرە چۆن یەکەمجار هاتم و

ئاگری ئەشقێکی شێتانەم لەسەر خۆشییەکانت کردەوە و

چۆن رووخساری بەهەشتیت گۆڕا بۆ ڕەنگی خۆڵەمێشی دۆزەخ،

هێشتا لە یادتە وەك زریانێك هاتمە سەر ڕێی ئاواتەکانت و

هەموویانم کرد بە جێ تیغی ساڕێژنەبووی سەفەرێکی ناکام

پەڕەمووچەکەم ڕەشە وەك ئەو شەوانەی لە دووریت نانوم و

هەستی سپییان پێ دەنووسرێتەوە وەك ئەو بەفرانەی

لە ترسی هەتاو لەپەنا ساردوسڕیی نسرمەوە خۆیان ئەشارنەوە

سەفەرم سوورە، سوورتر لە قەڵەم بۆیەی لێوەکانت و

خەمبارتر لەو ناسۆرەی لە سفرەی دڕاوی هەژارێکدا هەیە

دەستەکانم درێژ دەکەم بۆ ناو جەرگی پەڵە هەورەکان و

دایاندەگرمە ژێر پێیەکانت و لافاوی چێژی پێ هەڵدەستێنم

هێشتا بەردەوامم لە دوورینی کفن بۆ تەرمی تاریکی و

ئەو رووناکییە خەفەکراوانەی بەدەم هەنسکدانەوە ئەمرن و

ئەو بزە تەڕانەی تین و گەرمی ئەشق وشکیان ئەکاتەوە،

مێژووی دڵشکان و چیرۆکی دابڕان بۆ مۆمێك ئەخوێنمەوە و

مۆم لە حەژمەتی سووتانی پەروانە گریا و گریا تاکو توایەوە،

بڕیارمداوە خۆم نەخەمە بەر هیچ تاوە تەرزەیەکی دڵخۆش

پەیمانم داوە تەنێ ئەسرینەکانی تۆ بەسەرمدا بباریێ و

کە وەك چۆلەیەکیش تەزیم گڕی شیعرێك گەرمم بکاتەوە

هێشتا لە گەڕاندام بە دوای زەمەنی پێش وجودمان و

بیر لەو چرکەیە ئەکەمەوە چۆن لەسەر رەفەی ژیان دانراین و

چۆنیش لە سالێکی بێ رۆژژمێرا چاوی سۆزمان لەیەکتر دائەگرت و

تۆ کۆترئاسا شەرمن، بەڵام من دەستم کرد بە فڕین بۆ لات،

هێشتا دەستم لە فڵچەی نەخشاندنی تابلۆکەت هەڵنەگرتووە و
هەر ڕەنگێکم لەو تابلۆیە لە باخێکی بەهەشت قەرد کردووە و
بەئامادەبوونی پۆلێ فریشتە لە نێو قەفەسی سینگم هەڵیدەواسم،
خۆم داوەتە بەر ئاوێنەی روون و بێگەردی رووخسارت و
وێنەی پیاوێك ئەبینم سەوداسەر لە تۆ و بێئاگا لە خۆی،
پیاوێك پڕ پڕ لە وەرزەکانی تۆ و خاڵی خاڵی لە ڕەنگی خۆی و
تەژی لە پەرستنی تۆ و دوور دوور لە هەموو پەرستگایێ،
ترپەی دڵ و دووریی و گوومان و ڕاڕایت بۆ ئەکەمە چامەیەك و
لەنێو توێی دیوانێکی مەحزوون و ڕەشپۆشدا چاپی ئەکەم و
دێڕ بە دێڕی سەرگوزەشتەی شەونمێکە کە ئاشقی مانگ بووە
وشە بە وشە حکایەتی خەونێکی تۆراوە لە چاوی ڕێبوارێ
ڕستە بە ڕستە دیرۆکی ڕژانی مەرکانەیەك خۆشەویستییە و
چامەکەش ناوی دار بەڕووە یاخییەکەی ئەوبەر رووبارە،
داوا ئەکەم زیاتر و زیاتر ئەوینی سەختی خۆتم پێ ببەخشی
ئاشقێکی سەرکەشم، حەزم لە بەزاندنی هێڵی سوور و
تێپەڕین بە دەروازە سەختەکان و مەرگە لەسەر لوتکەی چیادا.

٢٠١٧-٣-٣١

ئەڵمانیا - بیلەفێڵد (نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس)

-١٢-

## ئایەتەکانی نائومێدیی

ئەو رۆژە قەترانییەی پێم نایە ئەم جیهانە قێزەونەوە
بە دارلاستیکی سەرشێتی ئاوێنەی هەموو هیواکانم شکاند و
ئیتر بەر غەزەبی خۆشی و نەفرەتی ئومێد کەوتم و
فڕێدرامە چاڵە هەزار بە هەزارەکانی نائومێدییەوە،
هەر ئەو رۆژە دەرکم کرد ژیان چەندێ تفت و تاڵە و
مرۆ چەند بێ ئابڕووانە هەنگوین ئەخاتە زاریەوە،
مردنیش چەند میهرەبان و چەندیش لە قەند شیرینترە و
چۆن خوێنسارادانە ژەهر و تاڵاو ئەکەین بە قوڕگیا،
هۆ خەڵکینە من ئەو پیاوەم بە راکردن بەرەو پیری ژیان چووم
بەڵام ژیان زۆر بێ ئابڕووانە بێزاریی دەربڕی و لێم هەڵهات،
خۆ من پێش ئەوە قەت بیرم لە کۆتایی خۆم و مەرگ نەکردبووەوە
کەچی بێئاگا بووم لەوەی مەرگ هەردەم لە بیری مندایە

چەند بێوەفا بووم لە بەرانبەر مەرگ و چەندیش ئاشقی ژیان!!

ئەو پیاوە ئەرخەوانییەم هیچ کات خۆم بەبەشێك لەخەم نەزانیوە

بەلاٌم ئەوە خەمەکانن چەند پارچەیەکی دلٌتەنگن لە من،

بەوەدا بمناسنەوە لە نێوان من و گریاندا هیچ شتێك نییە

جگە لە فرمێسك

لەنێوان فرمێسك و گریاندا، هیچ کەسێك نییە جگە لە من

بەوەدا هەستم پیٌ بکەن، لە تەقویمی منا

هیچ ئێوارەیەکی رووخۆش بوونی نییە

چوونکە هەر ئێوارەیەك بیری رۆژانی منالٌیم ئەخاتەوە

کە وامدەزانی خۆر چاوشارکیٌ ئەکات و

لە پشت چیای شارەکەمەوە خۆی ئەشارێتەوە

بەوەدا بمناسنەوە حەرفەکانی دلٌتەنگیم

گرێچنی وشەیەکن کە نائومێدییە

گولٌەکانی کاسەسەریشم بۆنی خۆکوشتنیان گرتووە

بەوەدا بمناسنەوە، سەوداسەری سەفەرێکم بۆ دەرەوەی گەردوون

ئەگەر سەفەرێك هەبیٌ بۆ ئەویٌ بە شەمەندەفەری خەیالٌ دەڕۆیشتم

ئاخ، ئاسمانێکی تر جگە لەم ئاسمانە تاریك و کۆنەی

سەر سەرمان بوونی نییە

ئەگەرنا پێش دوا نەفەسی جگەرەکەم،

دوو باڵی دیدالیۆس ئاسام بۆ فڕین ئامادە ئەکرد

ئازیزم تۆش بەوە دڵخۆش مەبە شاعیرێك

زووخاوی چەند ساڵەی دڵی خۆیت بۆ هەڵدەڕێژێت

خێراکە دەرگای لێ دابخە با هاڵاوی دڵی، تەنیا خۆی هەڵکڕوزێنێ

پێویست ناکات تۆ دڵت بشکێ، خۆ من ژیان دڵی تەڕی شکاندم

وەك ئەو منداڵە چەتوونەی بە قۆچەقانی پەنجەرەی بەختەوەریی شکاند

بەوەدا بمناسنەوە لە نێوان من و ئومێددا، شورای چین هەیە

لە نێوان من و خۆشبەختیا، دووریی نێوان هەردوو جەمسەری زەوی هەیە

لە نێوان من و پێکەنیندا، هێندەی گەیشتن بە پلۆتۆ مەودا هەیە

رۆژانەش هیوا دیواری خۆی، چین بە چین لەبەردەمما زیاتر هەڵدەچنێ

لە دەفتەرێکی کۆنی بیرەوەریی باپیرمدا نووسرابوو:

رۆژی لە دایکبوونت هاوکاتە لەگەڵ رۆژی کوژانەوەی چرای ئومێد و

هاوکاتە لەگەڵ داپۆشینی زەوی بە تاریکییەکی ترسناك و

هەڵوەرینی چرۆکانی گەشبینی لە وەرزی بەهاری ساڵی ئومێددا

لە تۆمارێکی کۆنی دەنگیدا کە تازە گوێم لێگرتووە

نەنکم ئەڵێت ئەم مناڵە شوومە و لەوەتی لە دایکبووە

ئاسمان نەگبەتی گرتوویەتی و دارستان تووشی پەرکەم بووە

بارانیش رەنگی خۆی لە دەستداوە و دەروونی دەریا فێنك ناکاتەوە
لە نامەیەکی دێرینی دایکمدا بۆ باوکم کە ئەمڕۆ خوێندمەوە، هاتووە:
منداڵەکەمان کەفوکوڵی زۆری هەیە بۆ زوو هەستانە سەرپێ،
هەروەك ئەو کارمامزە کێوییەی بە هیچ بەورێك راو ناکرێ،
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە روانینی چاوەکانیدا حوزنێك هەیە و
هیچ جادووگەرێك لە ماناکەی تێناگا
لە جووڵە و گریانی شەوانیشدا موزیکێکی خەمناگ هەیە
ئەو موزیکە تەنیا لە کۆتایی فیلمە تراجیدییەکاندا گوێم لێ بووە
جادووگەرەکەش پێی وتم هێندەی سەوزایی چاوەکانی
رۆژانی رەش، چارەنووسی رەش، چاوەڕوانی ئەکات
باوکم لە پشتی بەرگی کتێبێکی ئەستوور نووسیبووی:
منداڵەکەمان لاسارە، کۆڵە پشتی ژیانی سەرلەبەر ژانە و
نیگەرانی، مۆمی رێگە پێچاوپێچەکانی یاخیبوونەکانێتی و
کەلاوەیەکیش نیشتمان و گۆڕێك لەناو دەریا دوا مەنزڵگەی
ئەمەوێ ئێستا بەو جۆرە بمناسن
پیاوێکم غەوارە و نامۆ بە ئومێد و هەمیشە مەقامی نیگەرانی
بەسەر تاڵیی رۆژە نەفرەتییەکانی خۆمدا ئەچڕم
کە شەویش دادێ تا بانگی بەیانی و یەکەمین زەنگی کەنیسە
ئایەتەکانی نائومێدیی بۆ ئازارەکانی ناوسەرم ئەخوێنمەوە
ئەڵمانیا – بیلەفێڵد (نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس)

٢٠١٧-٤-٦

## -١٣-

## گوزەرێك بە ئەوینی تۆدا

چ بەختەوەرییەکی غەریبە هیچ چرکەیەك لە من تێناپەڕێ
بێ ئەوەی دڵم هەزار جار ویردی ناوی  تۆ نەکات؟!
چ کەوتنە خوارەوەیەکە بۆ ناو زۆنگی چاوەکانت و
سەفەری بەردەوامی من لەنێو وشە ناسکەکاندا
هەر بۆ ئەوەی شیعرێك بچنم و بیکەمە گەردانەی ملت؟!
چ یارییەکی مەحاڵە ئەو گەمەیەی دەستم داوەتێ
کە ئەمەوێ دووباڵت بۆ پەیدا بکەم و
بە رەنگاو رەنگیی شیعر بینەخشێنم،
تاکو بەرەو بەهەشتی ئەشق پێی بفڕی؟؟
چ جوانییەکە کاتێ گوێ لە دڵی خەمبارت ئەگرم و
حوزنە کپبووەکانی لە دێڕی قەسیدەکاندا ئەهێنمە پەیڤین و
لەئاوی شیرینی زەردەخەنەیان هەڵدەکێشم؟

چ موعجیزەیەکە کە تۆ چاوت دادەخەیت و

منیش بە مەڵهەمی سۆز زامەکانت دەرمان ئەکەم و

هەناسەیەك لە خۆشەویستی ئەخەمە سییەکانتەوە،

تەنێ لەبەرئەوەی بزانی هەناسەی عیشق چەندێ سووکە؟

ئای چ شەوێکی شەوقدار بوو، ئەو شەوەی

لە نێوان ژنێکی رەنجاو و شاعیرێکی نامۆدا

کە هەر ورشەی گەڵا و گڤەی رەشەبا بێداربوون و

یەکەمین بۆن و بەرامەی پەیمانبەستن دنیای گرتەوە؟!

چ گمە گمێکی خۆشە کە وەك دوو کۆتری ماندوو

بە زمانی دڵ و نیگا قسەمان لەگەڵ یەکتر ئەکرد و

بە کۆپلە هۆنراوەیەك بەسەر یەکدا ئەتواینەوە؟!

چ داستانێکی پڕ جۆش و هەیجانە

ئەو دەمەی بیر لە حکایەتی خۆم و چیرۆکی تۆ ئەکەمەوە

کە چۆن لە دێڕێك شیعردا بە یەکتر گەیشتین؟!

چ دۆزینەوەیەکی کۆڵۆمبۆسانە بوو

کە تۆم لە هەیوانی ژانێکی بێ کۆتاییدا دۆزییەوە و

خوێنم خستەوە نێو دەمارە سستبووەکانی هەستت؟!

چ لێوانلێوێك بوو لە شەپۆلی چێژ

که دەستم ئەهێنا بەسەر دڵتا و دەستەمۆم ئەکرد،
تۆش دەستت ئەگرت بەسەر لافاوی هەڵچووی دەروونما؟!
چ بەهارێکی مەکرباز بوو، ئەو بەهارەی
بە دووچاوی پڕ بارانەوە کەوتمە سەیر کردنت و
پایزیشم بۆ کردییە فەسڵی سەوز بوونەوە و
وەك گوڵە بەیبوونێك لەمندا شکۆفەت کردەوە؟!
چ سەرچڵییەکی بوو یاخیبوونمان
کە وەك دوو ئاسکە کێوی بازمان بەسەر لوتکەکاندا ئەدا و
وەك چەم و کانیاو بە هاژەوە ئەڕژاینە ناو یەکترەوە؟!
چ زەمەنێك بوو، چ کاتێك بوو
لەگەڵ تۆدا هەستم بە تێپەڕینی کات نەئەکرد و
وا تێئەگەم کاروانی زەمەن لەو کاتژمێرەوە وەستاوە
کە دەستی سڕم خستە دەستی گەرمی ئەشقی تۆوە؟!
چ تێڕامانێکی سیحراویی بوو
ئەو شەوانەی بەدیار تەماشاکردنی وێنەکانتەوە خەو دەچووە چاوم و
شەکەتی ڕۆح و بێ وزەیی ژیانتم ئەزبەر ئەکرد؟!
چ سەوداسەرییەکی کەموێنە بوو
ئەو چرکەیەی خۆم خاڵی کردەوە لە خودی خۆم و

**خۆم تەڕی کرد لە تۆ و بووم بە خودی تۆ؟!**

**چ رستەیەکی ئاڵۆشاویی بوو**

**کە نووسیم ئەمەوێ ئەشقی من زیندووت بکاتەوە،**

**بەڵام زۆر ئەترسم بەرگەی نەگری و هەڵتپڕوکێنێ؟!**

**چ جیاکردنەوەیەکی سەیر بوو**

**کە تۆم لە هەموو خەڵك جیاکردەوە و دڵی خۆم پێبەخشیت و**

**تاجی هەموو شیعر و هەستەکانی خۆمم لەسەر نایت؟!**

**ئەڵمانیا – بیلەفێڵد (نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس)**

**٢٠١٧-٤-١٩**

-١٤-

## بە ئەشق گەمارۆت ئەدەم

ئەو دڵە غەمبارەم، پڕە لە ئەشقێك کە جگە لە تۆ
کەسی تر توانای هەڵگرتنی ئەو بارە قورسەی نییە و
کەسیش نابێتە ئەو مەلە سەرچڵەی هاوسەفەرمە
لە تەیکردنی ئاسمانە بێ بنەکانی دڵ
کە باڵی فڕینیشیان شکاندین، جگە لە تۆ و سۆزت
کەسی تر لەگەڵم بەرنابێتەوە سەر زەوی خەمگینی،
ئەو دڵە غەمبارەم، پڕە لە ئەشقێکی دێوانەیی کە جگە لە تۆ
پان و بەرینی چامە شیعرەکانیم هیچ کەسی تر ناگرێتە خۆ و
چرای سەرکزی پەیڤەکانم هیچ دڵێکی تر رووناك ناکاتەوە
کە بەر شەوارە و جەژنی شەمشەمەکوێرەکانیش کەوتم
جگە لە تۆ، کەسی تر دەروازەی رووناکیم بەروودا ناکاتەوە

ئەو دڵە غەمبارەم، کوانووی ئەشقێکە کە جگە لە تۆ
کەسێکی تر نییە لە کۆڵانەکانی قەسیدەدا رێی ئەوینی لێبگرم و
لە دووری دوورەوە نەرمە نیگای سەرخۆشی تێبگرم،
کە تەنیا ئەمێنمەوە، لەسەر سنگی رەقی شەقامەکانی شاردا،
جگە لە میهرەبانیت، هیچ دەستێکی تر نایەتە ژێر سەرمەوە
ئەو دڵە غەمبارەم، مەشخەڵی ئاگری ئەشقێکە بۆ تۆ
چی تۆوی زەردەخەنەیە لە پێدەشتی رۆحتا ئەیچێنم و
چی شەتڵی هەنسکتە بە زەبری پێکەنین دروێنەی ئەکەم
کە ئەکەوینە دۆڵەکانی دڵتەنگییەوە، تروسکەت ئەبینم و
تاکو زۆرتر لێت نزیك ببمەوە، زیاتر درەوشانەوەت بەسەرما ئەڕژێ
ئەو دڵە غەمبارەم، هێلانەی ئەشقێکی ئەبەدییە، کە جگە لە تۆ
بەرووی هیچ پاسارییەکی ئێسك سووك و مەستدا پێناکەنێ و
دڵی خۆی نادات بە هیچ هەڵۆیەکی برینداری بەرزەفڕ
کە کەوتیتە هێلانەی دڵی پڕ برین و تەژی حەزمەوە
داگیرت ئەکەم و گشت باڵەکانی فڕینت لێ ئەکەمەوە

ئەڵمانیا – بیلەفێڵد (نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس)

٢٠١٧-٤-٢٤

## -١٥-

## مرواریەکانی ئەوین

له بەردەم پەنجەرەی تەڵخی چاوەڕوانیدا شەوە هەنارییەکانم ئەخۆمەوە

ساتە کریستاڵییەکانم لەنێو لاپەڕەکانی تەمەندا هەپروون هەپروون ئەبێ

****

ژنێك لە رەنگی فریشتە و لە نەژادی هەنار، قوم قوم تەڕیی خۆیم دادەتێ

نیگا سارد و سڕەکانی دڵم، بەزەردەخەنەیەکی مۆنالیزایی گەرم ئەکاتەوە

****

موزیکی دەنگت، خۆشترین سەدای فلووتێکە و شنەبای بەهەشت هێناوێتی

لەو سپێدە دڵتەنگەدا هاتیت، لە مەعبەدی تەنهاییدا گۆشەگیرانە ئەتلامەوە

****

لەگەڵ کزەبایەکی پاییزی، بەچرپە باسی حکایەت و جوانی تۆمان ئەکرد

هەورێك گوێی لێبوو، لە حەژمەتا توایەوە و نم نم باران بەسەرماندا باری

****

**چیتر ناڕوانمە ماڵی شەو و سەرەتاتکێی ئەستێرەکانیش هەژمار ناکەم**

**ئەزانم شەو چەند تاریکیش بێ، خۆری تۆ لەڕۆژهەلاَتی مندا هەڵدێتەوە**

****

**چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم پێمبڵێی وەرە گوێ لەم سترانەی ئەشق بگرە**

**ئەو گۆرانییەی هەموو سروشت لەگەڵ خۆیدا پڕ ئەکات لە پرشنگ**

****

**وای لە من لە چاوەکانمەوە ئەشق ئەبارێت و لە دڵیشمەوە دڵۆپە فرمێسك**

**وای لە تۆ بۆنی ماچی منت گرتووە و تك تك ئاونگ لەسەر لێوت ئەنیشێ**

****

**لە ڕووباری حەزەکانتا سەوڵی پێکگەیشتن لەهاژەی شەپۆلێکدا لێ ئەدەم**

**ئاوەسەری گیانم، لە شەختەترین ڕۆژی تەمەنما گوڵە نیلوفەر دەرئەکات**

****

**شیعرەکانم ڕەنگ و بۆنی تۆیان گرتووە، سێتارەکەشم ئاوازی شێتی ئەژەنێ**

**کڕێوەی ئارەزووەکانم لە نێو نازی مەمکە پشکۆییەکانتا خامۆش ئەکەمەوە**

****

**ئەمەوێ خۆرێك بم لە شەوەزەنگەکانتا، سەدات بم کە بێدەنگی داتدەگرێ**

**تۆش خوێنی دەرمارەکان و ئاوەدانی بە جۆشی نێو ڕۆژانی تەنهاییم بە**

****

پیاوێکم لە خێڵی شیعر جێماوم و گۆدۆی چاوەڕوانیت هەزار جار کوشتوومی

ژنێکیت ئولفەتت بە شاعیرێکی نائومێدەوە گرتووە و دەرگای ئەشقی ئەکوتی

****

ئەشقت چ خەنجەرێکی ئەفسووناویی بوو، شیعر لە دڵمەوە فیچقە ئەکات؟!

ئەوینت چ هەورە بروسکەیەك بوو، جارێکی تر کانیاوی مەحاڵی ژیاندەوە؟!

****

تۆ کە هاتیت بەرچنەیەك نۆتە و دوو باوەش تامی شیرینی دنیات بۆ هێنام

منیش کە هاتم ئاوەزێڕی هەست و دڵێکی سەوز سەوزم بۆ کردیتە دیاری

****

گوێت لە هاژەم بێت ئەو دەمەی بەسەرتا پەرش و بڵاو ئەبمەوە

لەبەر شەوقی چرای حەپەسان کتێبی ئەستووری ئەشقم بخوێنەوە

****

گویٚ لە میلۆدی دەنگم بگرە ئەوکاتەی دەڵێم ماچت ئەکەم

وەرزە وشکەکانی تەمەنت بە ڕامووسان پڕ دەکەم لە باراناو

****

گویٚ لە هاواری ئەو شیعرەم بگرە کە هیچ وەخت تەواو نابیٚ

خەونە وەنەوشەییەکانت بخەرە بەر ڕێژنەی شێتی و سەرسامیم

****

گوێ لە غەمگینی پیاوێتیم بگرە کە بە هۆنراوە ئەتدوێنم

ژنێتی خۆتم لەنێو پێخەفە سارد و تەزیوەکەم بۆ جێبهێڵە

****

گوێ بۆ ڕاز ودوا دێڕی چەند ساتێ پێش خۆکوشتنم ڕادێرە

پڕە لەپەشیمانی و یادی پێکەنینەکانی ڕۆژانی زێڕینی ژوان

****

گوێ لەخوڕەی فرمێسکم بگرە کاتی ڕۆیشتنی شەمەندەفەری دابڕان

بینیم شەستە بارانی ئاسمانی حوزنەکانت مەزنترین زریانی هەڵسان

****

لە کوێوە هاتیت سەحرای رۆح و کەلاوەی ژیانت ئاوەدان کردمەوە؟

بۆ کوێ ئەڕۆی، کە هێشتا خۆم بۆ سەفەری ئەشق کۆنەکردۆتەوە؟

****

پێم بڵێ لەکام گۆشەی شیعردا پەنهان و بێ سرتە هەناسەت ئەدا؟

بیرمە کەوتیتە خەرەندی کتێبێکەوە بە تیشکی حەرف وشیعرەوە!

****

ئەستێرەناس نیم بەلاَم تۆم لە هەموو ئەستێرەکان پێ ڕەونەقدارترە

شێخی سەنعانم و لەئافاتی رۆژگاری شوومدا توند توند دەستم بگرە!

****

شارێکی کەشخە بووم پێش ئەوەی بکەومە ژێر زریێباری فرمێسکەکانت
بەبێ تۆ دەوارێکی کۆن و شڕم بەدەم هەڵمەتی گورگانەی ڕەشەباوە
****

پێش ئەوەی لافاوی مەرگ بمبا بە ماچەکانت پڕم بکە لە ژیان
لە دوای مەرگیش بە تەنها باوەشێکت وەك کانی ئەژێمەوە
****

گوێ لە موناجاتی موغێکی ئاشق بگرە پێش وەرینی گوڵی تەمەن
لە هەر دێڕێکی ئەو موناجاتەدا سەدان بزەی خنکاو بدۆزەرەوە
****

تۆ لەززەتی ماچە تەڕە شەونمییەکانتم پێ ببەخشە
من هەزاران دێڕە شیعرت بۆئەکەمە قردێلەی پرچت
****

بۆ چەند ساتێکیش بێ بەگەرمی لەشی ناسکت دامپۆشە
پەیمان بێ منیش مەجنونانە سەدان ساڵ لە ئەشقتا ڕۆئەچم
****

تۆ هەر بۆ یەك جار خەیاڵێکی ڕەنگاوڕەنگی خۆتم بدەرێ
منیش لە سەدان خەونی زەرد و سووردا یادت ئەکەمەوە
****

تۆ یەکجار بە نێرگزەجاڕی باوەشی گەرمت ئاشنام بکە

منیش دەیان جار بۆ پەیکەری جوانیت کڕنووش ئەبەم

****

ماچێکت ئەکەم بە لێوەکانتەوە بمێنێتەوە کاتێ پێدەکەنیت

ماچێکت ئەکەم بە پێڵوتەوە بمێنێتەوە کاتێ فرمێسک ئەڕژێ

****

دڵتەنگییەکانت بۆ ئەکەمە گوڵدانێکی پڕ کریستاڵی بزە

تابلۆی شادییەکانیشت بۆ ئەگرمە چوارچێوەی هەتاو

*****

من ئەو کائینەم دوای سەراب کەوتووم بۆیە هەمیشە ستایشی ئاو ئەکەم

لە نێو تەمە پرتەقاڵییەکانی خەیاڵدا، خۆم ئەدەمە بەر پرشنگی عاتیفەت

****

بە زمانی پەپوولە و گیا، بە خوێنی شیعر، زەردەپەڕی ئەشقت ئەنووسم

بە فڵچەی گەڵا و بە بۆیاخی پەلکەزێڕینە رەسمی لەت لەتبوونم ئەکێشم

****

چرپاندنم بە گوێی ئازارەکانما، چیتر نامەوێ سروودی بێ تاقەتی بڵێمەوە

نامەیەکم بۆ نووسیت کە بێیت بەرەنگە تۆخەکانی پێکەنین نۆژەنم بکەیتەوە

****

قەدیسێکم لە پەرستگای رووخاوی دڵدا، تەرانیمە بۆ تەنهایی ئەخوێنمەوە

عارفێکم کونجی مەیخانەم گرتووە و بیر لە سووتانی رەزی رۆحم ئەکەمەوە

****

چ هەقیقەتێکە کە ماتماتیکی ئەشقمان ئەوەیە: من لەگەڵ تۆ یەکسانین بە یەك؟

چ درۆیەکی زلە فیزیای دابڕان منی مەجنوون لەگەڵ تۆی لەیلا ئەکاتە دووان؟

****

خۆم بدەمە بەر شنەبا یان گێژەڵووکە، هەر کامیان بێت دەمهێننەوە بەردەم تۆ!

خۆت بدەیتە دەست رەشەبا یا رووبارێکی پۆستەچی ئەتخەنەوە سندووقی دڵم

****

هێندە سەیری ئاسمانم کردووە، باران غیرە ئەکات ئاشقی کام ئەستێرە بووم

هێندەم شیعر بۆ نووسیووی، قەڵەم لە دوورەوە ئەتناسێ و ئیرەییت پێ ئەبا

****

چیرۆکی ژوانمان کەوتە ناو دەفتەرە خۆڵەمێشییەکانی بیرەوەریی

حکایەتی ماچەکانمان کەوتە نێو گەرووی بێروونی وشکە ساڵی

****

بە زمانی نیگا پێت وتم خۆشەویستیت رژاوەتە نێو هەستم

بە زاری دڵ پێم وتی ژنێك لە بنەچەی گوڵ بووەتە قیبلەم

****

خەیاڵیش بێت هەر لە کیشوەری ئەشقتا بەیداخ هەڵئەکەم

خەونیش بێت دەرگای ئەو خەونە وەنەوشەوییە لەخۆم دائەخەم

****

ئەگەر ئەوینت گڕ و ئاگریش بێت ئەبمە ئاگربازترین پیاو

ئەگەر ئەشقت رووباریش بێت ئەبمە خنکاوترین مەلەوان

****

تۆم لە شاری مۆم و رووناکی و لە کوچەی ئەشق دۆزییەوە

منت لە مەملەکەتی شیعر لە هەڵبەستی سووتاندا ناسی

****

چەند دوور بیت هەست بە نزیکیی و ترپەکانی دڵت ئەکەم

چەند هەڵۆیەکی بەرزەفڕ بیت بە ماچ و نیگا کەویت ئەکەم

****

چی درەوشانەوەیە لە بریسکەی زەردەخەنەکەتا ئەیبینم

چی هەلاّتنە لە کردنەوەی ئامێزی پڕ میهرتا بەدی ئەکەم

****

تا تۆم هەبێت لە کرێوەی زستانا، بۆنی نێرگز و بەهار لە هەستم دێت

تا تۆم هەبێت لە وشکەلاّنی هاویندا، پرووشەی بەفر بەسەرما ئەبارێ

****

لە کاژێری یەکەمی ئەشقدا، تۆم خستە نێو دەشتی بە پیتی شیعر

لە رۆژی یەکەمی ژوواندا، تۆم خستە نێو مێرگی بەجۆشی ئارەزوو

****

لە نیگای یەکەمدا، پەڕەی نەرمی دڵت و رۆچوونی خۆمم لەتۆدا بینی

لە نامەی یەکەمدا، فرمێسکتم بینی کە وەك جۆگەیەك خوڕەی ئەهات

****

لە تەوراتی ئەڤینداریی لە سفری ماچدا، خودا تۆی لە چارە نوسیووم

لە گزنگێکدا لەسەر دەوەنی سینگم بە ماچ تاتۆی چێژت بۆ هەڵکۆڵیم

****

ئەخوازم ماڵە بچووکەکەت بۆ بکەمە ئینجانەیەکی پڕ لە گوڵ و ئەستێرە

ئەخوازم لە تەزیویی زەمەندا بە شەوقەوە سووتانم بۆ تۆ بکەمە ئاگردان

****

کە ئەشقت لەمندا کەوتە شەپۆل، خەریکی ژماردنی دەریا خنکاوەکان بووم

کە شەوقت تاریکستانمی رووناك کردەوە، تەلقینی چرا کوژراوەکانم ئەکرد

****

پێش هاتنت بە خاچی بێزاریی و وەسوەسەی خۆکوشتنەوە هەڵواسرابووم

لەگەڵ دەرکەوتنت هەموو چرکەیەك پێك پێك لە دایکبوونەوە ئەخۆمەوە

****

خوڕەی باران لە دەنگی ناسکی تۆ ئەچێت کە ئەڵێی خۆشم ئەوێی

ورشەی گەلاّ لە سەدای پەشۆکاوی من ئەچیٚ کە ئەڵێم بیرت ئەکەم

****

گەر رۆژیٚ دیار نەبووم لە گۆڕستانی پەروانە دڵشکاوەکان بۆم بگەڕیٚ

ئەگەر شەوێك ون بووم لە شەوقی ئەستێرەیەکی بابردوودا بمبینەوە

****

فێرم بکە ئەشق تسۆنامی فرمێسکی روون و لافاوی بیٚ ئۆقرەی ماچە

فێرت ئەکەم خۆشەویستی گوڵەگەنمی سەوزی دەشتی بەپیتی هەستە

****

وتت لە بەیانییەکدا دێم، مشتێك هەتاو بۆ تاریکی شەوەکانت ئەهێنم

وتم لە شەوێکدا دێم و تریفەی مانگ و مەشخەڵی ئاتەشگات بۆ دێنم

****

پەشیمانم لەو تەمەنەی لە بیٚ تۆیدا، کەوتبووە نێو گۆمی تەنهاییەوە

پەشیمانم لەو لە دایکبوونەی نەکەوتبووە حەساری نیگا نەرمەکانتەوە

****

بە دەوەنی میهرەبانی و بە گەلاّ یاقووتییەکانی سۆزت گەرم دامبۆشە

بە بڵێسەی ئاگری چاوە مەستەکانت دارستانی خەیاڵەکانم بسووتێنە

****

تۆ لە کانی میهرەبانیی هەڵئەقوڵێی، منیش لە هەورێکدا چڕ بوومەتەوە
تابلۆی بەیەك گەیشتنمان دڵۆپ دڵۆپی بارانێکە بۆ باوەشی فێنکی کانی

****

زمانی فرمێسك ئەخوێنمەوە، چیرۆك بۆ ئەستێرەیەکی بێدار ئەگێڕمەوە
کۆلارەی خەیاڵم دوور ئەفڕێ تا بگاتە ئاسمانی بێ بنی چاوەکانی تۆ

****

لەهەر شیعرێکما غەمێك خۆی شاردۆتەوە، لەهەر نیگایەکیشما ونبوونێك
لەیەکەم پلیکانەی نیگاکردنما بەربوومەوە ناو بەهەشتی دڵڕفێنی جوانیت

****

کە مردم سوتووەکەم بدەن بەدەم ئەو رەشەبایەی ئەمباتەوە بۆ لای یار
کە مردم بمخەنە تابووتی ماچەوە و لە ئۆقیانووسی چاوەکانیا بمنێژن

****

تۆ کاپتنی ئەو پاپۆڕەی لە دەریای هەڵچووی هەستی مندا نقووم ئەبێت
منیش سەرقافڵەی ئەو کاروانە تەنهایەم بەرەو خۆری ئەوینت رێ ئەبڕێ

****

کتێبی خەوننامە ئەخوێنمەوە، گوێ لە پرتەوبۆڵەی جادووگەرەکان ئەگرم
ئەمەوێ بزانم لە کام خەون و لە پێشبینی چ ساحیرێکایە، دەرکەوتنی تۆ؟

****

خۆزگە ئەو مەرگە تاڵە وەستانی دڵی پێنووسی شیعرەکانی من بووایە

خۆزگە گەڵاڕێزانی گەڵاکانی ئەشقت، وەرینی گشت خەونەکانم ئەبوو

****

هەر بیر لەوە ئەکەمەوە کە تۆ هیچ سووچێکت نییە لە ئازارچەشتنی منا

ئەوە کڵپەی ئاگری رۆحی خۆمە، گڕی لە هەموو کامەرانییەکانم بەرداوە

****

باسی مەرگت بۆ ئەکەم، کە تەنها ئەو کاتژمێری دڵم لە ئەشقت رائەگرێ

باسی ژیانت بۆ ئەکەم کە تەنها ئەو، داهاتووم پڕ ئەکات لە ئێستای تۆ

****

بەدرێژایی شەو نانوم ناڵێم بەهۆی تۆوە بەڵکو لەبەر دڵی تەنگی خۆم

بە بەرینی رۆژ خەون ئەبینم، ناڵێم بە تەنهایی خۆمەوە بەڵکو بە تۆوە

****

دڵڕەقیش بنوێنی دڵنیایت "ناتبوورم"ی من درۆیەکە ئەشق فێری کردم

شەقامی چۆڵی ئومێدم بە گوڵی شیعر رازاندۆتەوە لەبەردەم هەنگاوەکانتا

****

هەمیشە دڵە خورپەمە نەکا ماندوو بیت لەم خەرابستانەی رۆحی بریندارم

هەمیشە لەوە دڵنیام دیدەنی تۆ ئەبێ بە ساڕێژی برینێکی قەتماغە نەبوو

****

که تۆ دەرکەوتیت سروودی فرمێسکت بۆ گۆڕیم بە گۆرانی پێکەنین

که من دەرکەوتم گریانی نائومێدیم بۆ گۆڕیت بە سەمای بەختەوەریی

****

ئەوینت دەنکە مرواریییەکە لە قووڵترین قووڵایی دەریای دڵما رۆچووە

ئەشقی من هەورە برووسکە و نەشئەیەکە سەرتاپای رۆحتی گرتووە

****

لەوەتی مەی چاوەکانت ئەنۆشم، بادەم لە تامی هەنگوین شیرینتر بووە

لەوەتی ئاگری سەرکێشیم ئەسووتێنیٚ، بۆنکرزوت بۆتە خۆشترین عەترم

****

کتێبی دڵم بکەرەوە و تێر تێر لەو شیعرانە بڕوانە بۆ تۆم نوسیووە

چرای چاوەکانم داگیرسێنە و لە ناویدا تابلۆی نیگا بێزارەکانم ببینە

****

دەروونم بۆتە خەرابستان و چیتر گوڵی ئارەزووی تێدا سەوز نابێت

سپێدەیەك وەرە و ئەسپی حەزەکانت لە کەلاوەی جەستەمدا زین بکە

****

باخێکی پاراو بووم، ئێستاش شارێکی خۆڵەمێشی بەدەست "با"وە

بارانێکی چاوباز بووم ئێستاش شەپۆلێکی سووتاو لەهەناوی دەریاوە

****

دڵۆپە فرمێسکەکانم کۆبکەرەوە رووبارێکی مەحزونی لێ دروست بکە

لە شیعرەکانما سۆراغی خۆت بکە و تاجی شاژنی عەشق لەسەر بنێ

****

ئەوە من و هەستەکانمە لەبەردەمتا کڕنووش بۆ جوانیت ئەبەین

ئەوە خۆم و دیوانم مۆم ئاسا، بۆ بزەیەکت لەسەرخۆ ئەتوێینەوە

****

خوێنی تۆیە لە لەشمدا دێت و ئەچێ و هیچ کات ناسرەوێ

ئەوە بولبولی شیعرمە بۆ پەسنی جوانی جادوویت ئەخوێنێ

****

ئەوە خوێنی تۆیە ئەڕژێتە ناو دەمارە مردووەکانی هەستم

ئەوە منم لەڕۆژانی تەنهایی یاوەر و لەغوربەتا هەموو کەستم

****

ئەوە خوێنی تۆیە وەك هاژەی تاڤگە لە دەروونما مەوج ئەدا

ئەوە پرشنگی ئەوینی منە سەر بە تاریکیماڵی دڵتدا ئەکا

****

ئەوە خوێنی تۆیە ئاور لە ساردیی هەناسەی تەزیوم بەرئەدا

ئەوە لافاوی نیگاکانمە کە تۆ رووەو قووڵایی چارەنووسم ئەبا

****

ئەوە خوێنی تۆیە لە منا وەك جۆگەیەك بەرەو مەزرا ڕێ ئەکا
ئەوەش دڵی منە وەك تەرمێك بە کپی کەوتووە لەبەر پێتا
****
پێش ئەوەی ئەستێرەیەك لە تاریکی شەودا خۆی بکوژێ
منت بە جۆرێ چزاند سەر دانەنەوێنم بۆ تینی هیچ ئاگرێ
****
پێش ئەوەی هەموو شت ڕەنگی ئاوابوونێکی ترسناك بگرێ
بینیم ڕۆحی ناسکت هێند تەزیوە وەك کۆترێ هەڵدەلەرزێ
****
پێش ئەوەی خۆر لە کاتی ئاوابووندا لەناو دەریادا بخنکێ
زەردەخەنەکەتم بینی لەگەڵ نەوڕەسەکان بۆ نادیار ئەفڕی
****
یەك ماچت لە گۆڕی غەریبیی هەزار ساڵە زیندووم ئەکاتەوە
وەك چۆن تاکە نیگایەکی ساردت دەرگای ژیانم لێ دائەخات
****
گەر دەستم بگا بە لەشی تۆ، شەستەبارانێکم سەوزت ئەکەمەوە
گەر دەمم بگا بە دەمت، شەرابێکە بۆ تاهەتایە خورمات ئەکاتەوە

ئەڵمانیا – سوێد

مارت و ئاپریل و مای ٢٠١٧

## -١٦-

## مۆسیقا یاوەری شاعیرێکی خەمبارە

مۆسیقا "با"یەکی دڵسووتاوە و بە کوڵ بۆ شاعیرێك ئەگری و
ئەشق کانییەکە لە تریفە وەك بت مانگی تابان ئەپەرستیٚ،
منیش لە یەك کاتدا هەم ژێی مۆسیقا و هەم کانیاوی ئەشقم
دەمم پڕە لە قسە کە بە شیعر ناوتریٚ، ئەیدەمە دەست موزیك
سەرم پڕە لە غەم بە زار دەرنابڕدریٚ، ئەیدەمە دەست موزیك
مۆسیقاش گۆزەیەکە بەسەر شانی فریشتەیەکەوە
تك تك ئاواز و خەمگینی لیٚ ئەڕژێتە سەر ئەو زەویەی
مرۆڤ بە ئاگری گوناه و تاوان کردوویەتی بە سوتماك
مۆسیقا مامۆستای شاعیرێکی خۆکوژە
کە شمشێری سامورای رۆژگار چەقییە نێو دڵی و
لە نێو مێرگوزاری شیعردا بە خاکیان سپارد و
تائێستاش وردە نۆتەی غەمگینی لەنێو کفنەکەیدا ماوە،

ئەو شاعیرەی دڵی بەسەر تەنافی رزیوی سێرگی ژیانەوە

ئەڕۆیشت و لەناکاو بەربووە نێو شانۆی غەمەوە

لە سپێدەیەکی زوودا لە خەونی خۆشبەختی راچڵەکێنرا و

بە زنجیرکراوی فڕێیاندایە بیابانی کاکی بەکاکی تەنهاییەوە

مۆسیقا غەمبارە وەك ئەو شاعیرە خەیاڵییەی

لە زەمەنی مۆمیاکردنی دڵ و رەوانەکردنی ئەشق بۆ مۆزەخانە

بەسەر پشتی پەلکەزێڕینەوە ئەسپی هەتاوی زین ئەکرد و

لە چاوتروکاندنێکدا سروشتی ئەخستە نێو فۆتۆیەکەوە،

چەرچەفی ئەدا بەسەر زامی قووڵی جەستەی هەلاهەلابووی خۆی

کە نینۆکی تیژی دڵشکان لە هەموو لایەکەوە کون کونی کردبوو

ئەو شاعیرەی لە هەسارەیەکی دوورەوە هاتبووە ئێرە و

خورپەی ئەخستە دڵی ئەو زریانە کوێرانەی

موچڕکە خۆشەکانی ئەشقیان بەرەو دۆڵی دابڕان رائەماڵی

مۆسیقا دەفتەرێکی پرتەقاڵی دەستی شاعیرێکە کە

هەردەم دەگریێ و کەس جۆگەی فرمێسکەکانی نابینێت

هەردەم ناڵە و هاواریەتی هیچ کەس دادوبێدادی نابیستێ

هەردەم غەم ئەنووسێت کەسێك نییە دڵۆپێك شادی پێبەخشێ

هەردەم ئەسووتێ کەسێك نەهات بیخاتە ژێر بارانی خۆیەوە

هەردەم باخچەکان ئاو ئەدا، باخەوانێك گوڵێکی پێشکەش نەکرد

هەردەم ژان و ئازار ئەنۆشیٚ، حەکیمێك نەبوو دەردی دەرمان بکا

هەردەم بێدارە، هیچ مەیخانەیەك تۆسقاڵیٚ سەرمەستی پێنەدا

هەردەم ئاشقە، هیچ مەعشووقێك بێنازییەکەی هەڵنەگرتووە

هەردەم بانگەوازیەتی، کەس کەس لێی تێناگات جگە لە موزیك

هەردەم بە دوای هاوڕێیەکا ئەگەڕیٚ، کەس هاوەڵی نییە جگە لە موزیك

مۆسیقا خەمگینی شاعیرێکە کە چاوەکانی رووباری گریانن

ژیان دڵڕەقی زۆر لەگەڵ کردووە و مردن هەمیشە لەسەر رێی وەستاوە

خۆشیی هەموو کات خۆی لیٚ ئەشارێتەوە و غەم ئەیخواتەوە،

ئەشقیش تەنیا ئازارێکە بۆی و فیراق هەموو وەرزێك ئەیدورێتەوە

پێکەنین قوورگی ئەسووتێنیٚ و گریان دەستی لە یەخەی نابێتەوە

شامپانیای بێزاریی ئەخواتەوە و خەوی ناڕەحەتی ئەیباتەوە

دەمی خستۆتە نێو دەمی مەراق و لێوی بە سووتان فێنك ئەبێتەوە

مۆسیقا هاوڕێیەکی میهرەبانی شاعیرێکی خەمبارە کە

تاریکی شەوەکان لە خوێناویی دیوانێکدا ئەیگەوزێنن و

سەرمای تەنهایی لە پێخەڤ شەقامێکی رووتەڵەی ئەپێچن،

بایەقووشی مەرگ رۆژی هەزار جار لەسەر رۆحی ئەخوێنیٚ و

هەزارەها شیعر بە نەگووتراویی لە دوای بەجیٚ ئەمێنیٚ،

**کۆترەکان لە وەرزی کۆچ بەرەو باکوور جێیدەهێڵن و**

**گێژەڵووکەی بێهودەیی بەرەو عەدەم رایدەپێچێ**

**مۆسیقا هاوڕێی شەوان و خەمخۆری رۆژانی شاعیرێکە کە**

**لە وشکی بیابانی ژیان، دڵێکی تەڕ تەڕی لە خۆیدا دۆزییەوە**

**لە ماتەمینی وەرینی گەڵاکان، سەمایەکی نوێی بۆ ژیان داهێنا**

**لە سکوون و کپیدا، زایەڵەیەکی جاویدانی بە ئاگاهێنایەوە**

**لە کۆتایی دێڕە شیعرێکدا، سەرەتای ئاوازێکی نەمری ژەنی**

**لە سەرەتای وشکەڵانیدا، کۆتایی بە بارانێکی هەمیشەیی هێنا**

**لە چاوی دلبەرەکەیدا**

********

**ئەڵمانیا – بیلەفێڵد (نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس)**

**٢٠١٧-٥-١٨**

## -١٧-

## ئەشق سەرەتایە

ئەمەویٚ بە هێمنی و بە زمانێکی رەوان بە گوێتا بچرپێنم
رۆژەکان کۆتایی شەوەکانن و شەوەکانیش کۆتایی رۆژەکان
باران کۆتایی حەسرەتاویی هەورەکانە و هەورەکانیش کۆتایی
هالاٚوی دلٚی دەریاکانن،
شاخ دوا هەنگاو و کۆتایی دەشتە و دەشتیش کۆتایی گردەکان
ئاسمان کۆتایی زەوییە و زەویش کۆتایی ئاسمان،
ئای کە سەیرە! جادووەکە ئەوەیە ئەشق هەردەم سەرەتایە!
ئەمەویٚ بە ئەسپایی بە گوێتا بچرپێنم
کۆتایی هیچ شتێك نییە و هیچ شتێکیش کۆتایی پیٚ نایەٚ
فرمێسك کۆتایی زەردەخەنەیە و خەندەش کۆتایی ئەسرین
ژیان کۆتایی نەبوونە و مردنیش کۆتایی هەبوون

ڕووناکی کۆتایی تاریکییە و تاریکیش کۆتایی تیشک

ڕەشەبا کۆتایی ئارامیی سروشتە و سروشتیش کۆتایی عەدەم

شەپۆل کۆتایی تووڕەیی زەریایە و زەریاش کۆتایی وشکانی

کەچی گیانی گیانم جادووەکە لەوەدایە ئەشق هەمیشە سەرەتایە

ئەمەوێ بە دەنگێکی نەرمتر لە سمفۆنی بە گوێتا بچرپێنم

شادیی کۆتایی ناخۆشییەکانە و ناخۆشیش کۆتایی خۆشی

ئازادیی کۆتایی کۆیلایەتییە و کۆیلایەتیش کۆتایی خەونی ئازادیی

ماندوویێتی کۆتایی حەسانەوەیە و حەسانەوەش کۆتایی ڕەنجدانە

ئازار کۆتایی ئاسوودەییە و ئاسوودەیش کۆتایی ژان و ئێش

نیگەرانیی کۆتایی گەشبینییە و گەشبینیش کۆتایی نائومێدیی

خەون کۆتایی واقیعە و واقیعیش کۆتایی هەموو خەونەکان،

بەڵام نهێنییە گەورەکە لێرەدایە، ئەشق بەردەوام سەرەتایە

درەخت کۆتایی نەمامە و نەمامیش کۆتایی لقی درەختێکی تر

باخچە کۆتایی بێروونە و بێروونیش کۆتایی پڕ حەژمەتی ئاو

چیمەن کۆتایی دارستانە و دارستانیش کۆتایی رووتەڵان

کورسی کۆتایی پادشاکانە و پادشاکانیش کۆتایی رەوشت

پەنجەرە کۆتایی ئاسۆ روونەکانە و ئاسۆی روونیش کۆتایی شەوەزەنگ

ببینە تەڵیسمەکە هەر لێرەدایە، ئەشق هەمیشە هەر سەرەتایە

ئەمەویّ بەدەنگێکی تەڕی کەسەرەوە بچرپێنم بە گوێتا
روانین کۆتایی چاوداخستنە و چاوداخستنیش کۆتایی بیرکردنەوە
وتن کۆتایی بێدەنگییە و بێدەنگیش کۆتایی قسەکردن
گوڵدان دوا ژوانگەی گوڵە و گوڵیش دوا ئاوازی باخچە
شەراب دوا فرمێسکی ترێیە و ترێش دوا مرواری رەز
لە بیری مەکە گیانی گیانم ئەشق هەمیشە هەر سەرەتایە
ئەمەویّ بە دەنگێکی غەریبانەوە بچرپێنم بە گوێتا
گوومان کۆتایی یەقینە و یەقینیش کۆتایی پرسیار
پرسیار کۆتایی وەڵامە و وەڵامیش کۆتایی پرسیارێکی تر
هەڵوەرین کۆتایی چرۆکردنە و چرۆکردنیش کۆتایی هەڵوەرینێکی تر
ئاوێنە کۆتایی روانینە و روانینیش کۆتایی تەمەنی ئاوێنە
پەرستگا کۆتایی خودایە و خوداش کۆتایی ئەقڵە
"هیچ" کۆتایی هەموو شتێکە و هەموو شتێکیش کۆتایی "هیچ"ە
گیانی گیانم سەیرەکە لەوەدایە هەمیشە ئەشق سەرەتایە!
ئەشق سەرەتای بیّ کۆتایی و بیّ بڕانەوەی هەموو شتێکە

ئەڵمانیا – بیلەفێڵد (نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس)

٢٠١٧-٥-٢٧

## -١٨-

## هەناسەکانی دوای ئاشقبوون

ماچەکانم کڵپەی ئاگرێکن گڕ لە دارستانی حەزت بەرئەدەن
وەك لاولاو بە سنەوبەری باڵای کریستاڵیتا هەڵئەزنن و
لە نێو مەمکەکانتا وەك پارچە ئەڵماسێك ئەبریسکێنەوە
وەرە لەو دەمەی بزەکان بە لێومەوە دەست ئەکەن بە وەرین
یان لەو کاتانەی وەك پاشماوەیەك فڕێ ئەدرێمەوە سەرنووێلك
بە ماچە بریقەدارەکانت پرچی رۆژگارە تاڵەکانم بڕوتێنەوە و
هەردوو دەستی تاساوم لەنێو نازی مەمکۆڵانتا کۆبکەرەوە

****

کراسە خوێناوییەکەم ببەنەوە بۆ دایکم
گەنجیم لە نێو زیندانی پیری دەربکەن
مەرگم بە ئاوی شیرینی ژیان بسمیل بکەن
ئاواتەکانم لەنێو قەفەزی سەرم ئازاد بکەن

حەسرەتەکانم لەسێدارەی رۆحم داگرنە خوارێ

پەنچەرە داخراوە ژەنگگرتووەکانی ئومێدم بکەنەوە

روانینە خنکاوەکانم لە زەریای پەژارە دەربهێنن

کراسە خوێناوییەکەم ببەنەوە بۆ دایکم

پێی بڵێن کوڕە چاو دەریاییەکەت باڵندەیەکی کۆچەریی و

دوایین شەهیدی داستانی ئەوین بوو

****

من جێت ناهێڵم

تاکو زریانی رۆحم لە باوەشتا هێور نەبێتەوە

تاکو بارانی چاوەکانم بەسەر مەزرای میهرتا نەبارێ

تاکو خوناوی تەنهاییم بە فرمێسکت نەشۆمەوە

من جێت ناهێڵم

تاکوو خەرابستانی دڵم بە ماچەکانت نەکەمە گوڵشەن

تاکو ژووری چۆڵی سۆزم پڕ نەکەم لە پێکەنینەکەت

تاکو هەستی پەرتم لەنێو نیگاکانتا کۆنەکەمەوە

من جێت ناهێڵم

****

وەرە لە ئاوێنەی فرمێسکەکانما تابلۆی ناسکی خۆت ببینە و

لەسەفەری ئەشقا لە دەربەندی دێوانەیی لەسەرم بوەستە،

لە پەنجەرەی چاوەڕوانییەوە دووبارە سەیری دەرکەوتنم بکە و

لە نوێژی خۆشەویستیدا رۆژی حەڤدە جار ناوم بهێنە،

لە خەیاڵێکی پەمەییدا دڵە کێوییەکەم دەستەمۆ و ماڵی بکە و

لە ئاسمانی منەوە گۆرانی بۆ باڵندە بێزارەکان بچڕە

لە کۆتایشا خەونە خاڵییەکانم پڕ بکە لە بریسکەی ئەوینت

****

کە توامەوە لە تۆدا، قاوەی رۆحتم شیرین کرد

کە توامەوە تیاتدا شاباڵەکانی فڕینم کرانەوە

کە توامەوە لە خەیاڵەکانتا، بوویتە لاولاوێك

بە ئارەزووە سپییەکانی دڵی منا هەڵگەڕایت

****

لە زەمەنی دێوانەکانەوە هاتووم و

باهۆزی ئەشقت لە دوورەوە منی هێنا،

خۆشم ئەوێی تا دوا هەناسەی وجود و

یەکەمین وێستگەی تاریکی نێو گۆڕ

پێش مەرگم هەر دێم و

ئاوی گۆزەی مەمکەکانت ئەخۆمەوە

ئەگەر بزانم دوا هەناسەی ژیانمە

لێوی وشکم لە تەڕایی لێوت ناکەمەوە

ئازیزم لە نامەی دڵما بۆ نوسیووی

مردن لە ئامێزی تۆدا توانەوەیە لە ژیانا

ژیانیشم مەرگێکە لە تاسەی دوورییەکەتا

****

ئەو دەمەی دەم ئەکەمە ناو خۆشاوی دەمتەوە

تك تك ئاوی چێژ بەر پێی رۆحمان ئەشواتەوە

کاتێ پەنجەکانم لەنێو مەمکەکانتا گیتاری گووشین ئەژەنێ

سەراپا گیانمان لە بارانی بە خوڕی چێژ هەڵدەکێشرێ

کاتێ وەك کانی و چەم جەستەمان تێکەڵاوی یەکتر ئەبێ

وەك دوو مەل دەروازەی ئاسمانی رامووسان بەروومانا ئەکرێتەوە

****

واز لە سەفەر بهێنە، من لەوسەری سەفەرەوە هاتووم

واز لە کۆتر بهێنە، لە شانشینی پەروانەوە هاتووم

واز لە دڵتەنگی بهێنە، لە هاژەی پێکەنینەوە هاتووم

واز لە کاتژمێر بهێنە، لە دەرەوەی زەمەنەوە هاتووم

واز لە نیشتمان بهێنە، لە دۆزەخی تاراوگەوە هاتووم

واز لە ئاگر و کڵپە بهێنە، لە مەجەڕەی ئاوەوە هاتووم

واز لە مانگەشەو بهێنە، لە تینی هەتاوەوە هاتووم

واز لە تەمەن بهێنە، بە بێشکەکەی منداڵییەوە هاتووم

واز لە شەرم بهێنە، لە کیشوەری ماچستانەوە هاتووم

هاتووم تا مەغریبەکانت بخەمە کۆشی سپێدەکانمەوە

هاتووم تا هاوارەکانت بخەمە دێڕەکانی بێدەنگیمەوە

هاتووم تا دڵی گێلاسیت بخەمە قەفەزی ئەوینی خۆمەوە

****

عەشقت بۆتە خەونم و هیچ ناخەوم بێ ئەوەی

لە گەشتێکی خەیاڵئامێزدا پێت نەڵێم

دەمارەکانت پڕ پڕ بکە لە خوێنی یاخیبوونم

تەمبووری دەرکەوتن و هاتنت رووەو من بژەنە

نامە دڵڕەفێنەکانت بە مرەکەبی ماچەکانم بنووسەوە

هەورە گەڕۆکەکانت بە ئاسمانی تەنهاییم بسپێرە

دۆزەخت لە بەهەشتی گۆرانییە ئاشقانەکانم فێنك بکەرەوە

سەرکێشییەکانت بخزێنە نێو شیعرە سەرگەردانەکانمەوە

شەوە ئەنگووستە چاوەکانت لە رووناکی رۆژەکانم هەڵکێشە

پەیکەری جاویدانی ئەوینت لەسەر تەمەنم هەڵبکۆڵە

نیگا نەرمەکانت بخە نێو توێی چاوە سەوزەکانمەوە

پۆستەکانی خەیاڵت بخە نێو سندووقە سوورەکەی دڵمەوە

سەفەرەکانت با لەسەر ئەو خەیتەرە بێت دەتگەیەنێ بە من

وەرین و خەزانەکانت لە باخچەی سۆز و مەستیما بڕوێنەوە

دەفتەر وێنەکانت بە حیبری ئەسرینەکانم ڕەنگ بکە

هەنسکەکانی بێزاریت بکە بە ئاوازێك بۆ سترانە قەرەجییەکەم

بیرەوەرییەکانت لە بۆنی پێکێك عەتردا بنێرنە بۆ قەڵەمەکەم

دڵە ڕەنجاوەکەشت بە کزەبای خۆشەویستیا ڕەوانەی چاوەڕوانیم بکە

****

ئارەزوومە جەنگی ئەشقت لەگەڵ بکەم

ئارەزوومە تێڕوانینەکانت لێوانلێو بکەم لە وێنە فەنتازییەکانی خۆم

پرچی ژاکاوت بە پەنجەی ناسکی شیعرە دڵتەڕەکانم شانە بکەم

تووڕەییەکانت بە ئاگربەستی ماچە شیلکییەکانم ئارام بکەمەوە

دڵڕەقییەکانت لەبەر پێی غرووری تێکشکاوم بچەمێنمەوە

هەرەسەکانت لە جەنگی ئەشقما میدالیای ئازایەتی بکەنە مل

رابردووت بدەم بە دەم رووباری ئێستا و ساتە رۆمانسییەکانمەوە

خەمۆکی و تۆرانەکانت بۆ بخەمە نێو سەبەتەی گەشبینیمەوە

ژووره چۆڵەكەت پڕ بكەم لە جریوە جریوی خۆشەویستی

چڵكی مەنفاكەت بە ئاوی شیرینی نیشتمانی زامدارم بشۆمەوە

واقیعی بریندار و تاڵت بخەمە گیرفانە بەتاڵەكانی دڵخۆشیمەوە

یادگارییەكانت لە ئەلبوومی رەنگاورەنگی ئایندەمدا هەڵبگرم

زەردەخەنەی منداڵیت لە حەسرەتەكانی ژواندا بۆ بگەڕێنمەوە

لە دەریای ئەشقیشتا بە دوای كەشتی وێڵی دڵما بگەڕێم

****

بێزاریی دەستی ناوەتەوە بینەقاقام

مەعشووقێك نییە دەستی لە گەردنم بكاتەوە

غوربەت بەردی بێڕەحمی ئەگرێتە شووشەی رۆحم

مەعشووقێك نەبوو وردوخاشبوونم كۆبكاتەوە

ئاگری مەرگ ئاوریشمی ژیانم ئەسووتێنێ

مەعشووقێك نەهات حەیرانێ بۆ سووتانم بڵێ

مێژوو لەنێو تەمی خۆیدا ونم ئەكات

مەعشووقێك نەهات لاپەڕە تۆزلێنیشتووەكانم هەڵداتەوە

ژیان خەنجەرێكە لەسەد لاوە برینداری كردووم

مەعشووقێك نەبوو خوێنی رژاوم بكاتە خەنەی پەنچەكانی

تاریكیی وەك ئەختەبووت شاڵاو بۆ چاوەكانم ئەهێنێ

مەعشووقێك نییە دەستم بگرێ بۆ سەر پلیکانەکانی پەلکەزێڕینە

نیشتمان هەموو دەرگاکانی خۆیم لێ قفڵ ئەدات

مەعشووقێك نەهات کلیلی نیشتمانی ئامێزیم بداتە دەست

باهۆزی خۆکوشتن چرای شیعرەکانم ئەکوژێنێتەوە

مەعشووقێك نییە لە ئەشکەوتی مەراقدا دەرمبهێنێ

ئەهریمەن پلانی سەفەرێکی هەتاهەتاییم بۆ دائەڕێژێ

مەعشوقێك نەبوو بە فریشتەی ژیانەوەم بناسێنێ

بیابان لە وشکی هەناسەکانی خۆیدا ئەمخنکێنێ

مەعشووقێك نەهات تاکو ماڵی ئاو چاوساغم بێت

****

خەڵکی وڵاتی ئەشق و شاری فرمێسکە رەنگینەکانم

چامەیەکی گرینۆکم بڕیار بوو شێرکۆ بێکەس بمنووسێتەوە

چیرۆکێکی ئەفسووناویم لەپێنووسەکەی مارکیز بوومەتەوە

رۆمانێکی سەرەڕۆم لە دەستنووسەکانی کافکادا ون بووم

پیرە پاڵەوانێکم لە شانۆنامەکانی شکسپیردا ئەبینرێم

داستانێکی خەمگینم لە خەیاڵەکانی گۆتەدا لەدایك بووم

کتێبخانەیەکی سەرهەڵگرتووم نازم حیکمەت نازم هەڵئەگرێ

عاشقێکی پەڕوباڵکراوم لەشیعرەکانی قەبانی دا دەکەومەوە باڵەفڕێ

سەرخۆشێکی بێ نەوام، برێخت ئەمخاتە سەر تەختی شانۆ

زامێکی سارێژنەبووی دێرینم، حەزرەتی نالی دێڕ دێڕ ئەمهۆنێتەوە

شەقامێکی چۆڵی کەساسم، مایرهۆڵد ئەمکاتە سیناریۆ

دەروێشێکم لەسەر تەریقەتی یار، حەلاج ئەمهێنێتە گۆ

شێتێکم بێ خانە لە ژیان، سلڤادۆر دالی ئەمنەخشێنێ بە تابلۆ

شاخێکی بەفرینم، تەنها پامۆك لە زمانی توانەوەم تێئەگات

مەسیحێکی لەچوارمێخە دراوم، ئۆگەستین خەونم ئەخوێنێتەوە

کوڕی دایکێکی دڵ هەڵقرچاوم، تەنها گۆرکی چاك ئەمناسێتەوە

پادشای تەختی کوێرەوەریم، ساراماگۆ شەونخونیم بەدیارەوە ئەکێشێ

نامۆیەکی وێڵم، ئەوە ئەلبێر کامۆیە لە رۆحی مۆرسۆدا ئەمدۆزێتەوە

زۆربایەکی سەرگەردانم، پەڕەمووچی کازانتزاکیس خۆشەویستی کردم

کوڕەی پرتەقاڵم، یوستان گاردەر نهێنییەکانی شاردوومەتەوە

ئەڵماسێکی فەرامۆشکراوم، خواوەندی ئەڤینداریی هەڵمئەگرێتەوە

****

غوربەتەکەی ناخم کتێبێکە

وێرانبوونی پیاوێکی ئاوریشمی تیا بخوێنەوە

پەیڤە تەڕەکانم ئاوێنەیەکە

وشکبوونی گەلاَ رەنگاورەنگەکانی وجودمی تیا ببینەوە

ئەو چەمە لێڵەی ژیان لیتاوێکە

تەرمی بەرائەتە کوژراوەکانمی لەسەر هەڵگرەوە
هەناسە گەرمەکانی هاوین گڕەیەکە
لە دەربەندی حوزنە ئەبەدییەکانمەوە هەڵدەکا
ئەو هەموو دیوانە شیعرە بورکانێکە
ئیلهام لە تاڵیی پەژارەکانی منەوە وەرئەگرێ
ئەو هەموو تەنهاییە زارۆیەکە
لەسەر پشتی ساتە تۆراوەکانم کەوتۆتە گاگۆڵکێ
ئەو بۆنە خۆشەی هەناسەت عەترێکە
لەو کاتەی سەرت ئەنێی بە دڵمەوە تك تك ئەڕژێ
هاژە هاژی تاڤگەی هەناوم تامەزرۆییەکە
لەنێو هەموو شاخوێنبەرەکانمەوە بەرەو لای تۆ دێ
ئەو هەموو توانەوەیە رێنیشاندەرێکە
رێگەی مەیخانەی چاوەکانتم پێ ئەبڕێ
ئەو هەموو قەسیدە تەڕ و پاراوە تلانەوەیەکە
لە باوەشی خەزان و رۆژانی بێ تۆیدا ئەسرەوێ
ئەو دوو جۆگەیەی چاوەکانم بارانێکە
لەگەڵ وتنی "خۆشم ئەوێی"دا بەلێزمە دائەبارێ
****

ئەڵمانیا – دانیمارك – سوێد
بەهار و هاوینی ٢٠١٧

## -١٩-

## ستایشی گوڵە نیلوفەر

تۆ ئەو گوڵە نیلوفەرەی لەو دەمانەدا رسکای
کەڵکەڵەی خۆکوشتن مێشکی گرتبووم و
سەگە هارەکەی مەرگ کەڵبەی لە تەمەنم گیر کردبوو
پەرداخی عومرم نیوەی زیاتر رژابووە سەر
ئەو وشکەلأنەی هەتاو دوگمەی سینگی کردبووە و
چرچ  و لۆچی زەمەن بە لاشەیەوە دەرکەوتبوو
تۆفانێك لە چاوەکانما دەستیپێکرد بوو
دەستی لە بینەقاقای زارۆکی خۆشنوودیم گیرکردبوو
شێتانە مەوجی ئەدا و بەهیچ خوایەك ژێر نەدەکرایەوە
مانگێکی برینداربووم لە ئاسمانی هەڵوەرینا
شێوەم دەچووەوە سەر ئەو ئەستێرە خۆکوژانەی

به قاپێك نەوتی غەم و دەنکە شقارتەی کەساسی

گڕیان لە جەستەی خۆیان بەرئەدا

سەفەرێك کەلەی داگرتبووم، بەرەو دوورگەی زام

بە ڕێگا پێچاوپێچەکانی یادەوەرییدا گوزەرم ئەکرد و

لە ناکاو کۆترێکی بێ نەوا و بێ هێلانە ناسیمییەوە و

وتی تۆ نەوەی ڕەسەنی بێ نازیت و

ئیتر ئەوە منم بەسەر ژانەکانتا ئەگمێنم و

تەمبووری شیعرێکی ترت بۆ ئەژەنم

درەختێکی پرچ ئاڵتوونی بووم

دارستانی ردێن سەوز دەریکردم و

بەهار بەلامدا نەئەهات،

پایزیش گەڵا زێڕینەکانمی ئەوەراند

لە رووباری قەسیدە حەزینەکاندا مەلەم ئەکرد و

خۆم بە لچکی شیعرێکی بێدەنگەوە گرتبووەوە،

لە ناو دیوانێکیشا شەپۆلی گریانەکانم و

خامۆشی شەوانم چاپ کرابوو

تەلاری رووخسارم بەسەریەکدا رووخابوو

جەنازەی خۆزگەکانم کەوتبووە ژێر دار و بەردووەکەی و

قەلەڕەشی فەرامۆشکردن دەندووکی لە جەستەم ئەدا

هەر رۆژەی پارچەیەك لە لەشمی دائەکرمان

حەزیای رەشبینی کامەرانییەکانی ئەکرۆشتم

گەشبینی لە مێژ بوو خیانەتی لێکردبووم و

لە پشتەوەڕا خەنجەری لە هەموو هیواکانم دابوو

رەنج و حەسرەتکێشان ببووە دەزگیرانم

بڕیاربوو لە شەوێکی قەترانیدا زەماوەند بکەین و

لە دوورگەی خۆکوشتندا کوخێکی بچکۆلانە بکەینە مەنزڵ

تۆ لەم کاتانەدا چەشنی گوڵە نیلوفەرێك لە منا روایت و

لە نێو گریانەکانی شەوانما بوویتە مامانی رۆژانی پڕ پێکەنینم

لەنێو وەسوەسەی خۆکوشتنا هەنجەتی ژیانت پێگرتم

لە نێو گۆمی تەڵخی فیراقدا، کانییەکی روونت نیشاندام

پێکەوەش دەستنوێژی ئەشقێکی جاویدانیمان گرت و

پەیمانمان بە ماچ دا، دەم لە نێو دەمی یەکتر بژین

بەڵێنمان بە ژیان دا، لە نێو دڵی یەکترا بمرین

ئەڵمانیا – بیلەفێڵد

٢٠١٧-٦-٨

نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس – شتاسیۆنی نەخۆشی سەرەتان

-٢٠-

## پەرچنەیەك لە بۆنی گزنگ

ساتێك چوومە ژێر خاك پڕ بە گەرووم هاوارم ئەکەم ئەشق ئاینم بوو

ژنێك لەتوخمی پەروانە فەرمانڕەوای سەرتەختی ئیمپراتۆریای دڵم بوو

****

کاتیٚ رەوانم لەسەر شاپەڕی باڵی فریشتەیەك بەرز ئەبێتەوە بۆ ئاسمان

بە خوداوەند ئەڵێم ئاشقی ژنێکی سرك بووم لە سولالەی با و تۆفان

****

کاتیٚ لە تراویلەکەوە ترنجامە کارێزی روون و بێگەردی میهرەبانیتەوە

تریفەت لەبەر پێمدا راخست و دەروازەی گزنگت بە ڕوومدا کردەوە

****

کاتیٚ ئەشقت خۆی گەیاندە دڵم و وەك ماسییەك بووم بە تۆڕی تۆوە

بیرتە لەسەر تەمی پەنجەرەی خەونێك نووسیم ئەشق دوا گۆرانی منە

****

بۆ دۆزینەوەم سەرت کرد بە هەزار کەلاوەی رووخاو و وێرانبوودا

نەتزانی لە ژێر دارتوویەکی بێ نازدا مێژووی گەڵاڕێزان ئەنووسمەوە

****

پێش هەرەسهێنانی شەو لە خەونمدا بۆنی پەرچنەیەك گزنگم کردبوو

هەر تۆ دەرکەوتیت لەگەڵ تیشکی هەتاو کەوتمە مەراقی ژوانێکەوە

****

پێش زەمەنی لە سێدارەدانی باخچە هیچ کاتێك بۆنی هەناسەت نەکردم

ئێستاش ئێشك ئەگریت بەدیار خۆڵەمێشی بابردووی حەسرەتەکانمەوە

****

کاتێ بە ئاسمانەوە تۆم ئەبینی لە جەستەی هەورێکی سەرخۆشدا

نەمدەزانی رۆژێك دێ دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکەکانت ئەبارێتە سەر دڵم

****

بیرمە لە ساتی مەرگی چڵە نێرگزدا تاڤگەی هەستت رژایە ناو منەوە

کانییەکی ترت پێناساندم لەودیو تەمتوومانی مەرگ و فەنابوونەوە

****

**هەر ئەوەندە ئەزانم لەدڵی تۆوە هەڵئەقوڵێم رێچکە ئەگرم بۆ ناو رۆحت**

**ئەوە بزانە لە ئەشقی منەوە ئەبارێی و جۆگەلە ئەبەستی بۆ ناو هەستم**

****

**لە یادی مەکە ئادرێسی هەمیشەییم لە گەڕەکی هەناسە گەرمەکانتدایە**

**لە یادی ناکەم گۆڕی جاویدانی ئەشقم لە پرچە قەترانییەکانی تۆدایە**

****

**٢٠١٧-٢-٢٨**

**نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس – شتاسیۆنی نەخۆشی سەرەتان**

-٢١-

## تۆ لە خەونی مندا

دوێنێ شەو خەونێکی خۆشم پێوە بینیت

لە خەونمدا تۆ بوبیتە گوڵی ناو گوڵدانی دڵم

****

لە خەونما تۆ قوم قوم شەرابی لێوی منت ئەنۆشی

منیش ئۆکسجینی هەناسەتم بە تاسەوە هەڵدەمژی

****

لە خەونمدا تۆ ماچە بێ کۆتاکانی منت ئەژمارد

منیش تریفەی ڕژاوی لەززەتم کۆ ئەکردەوە

****

لە خەونمدا تۆ دەستی حەزەکانت خستە ناو مێرگی لەشم

منیش لە دەریای خۆزگەکانم وەك بەلەمێك نغرۆم کردی

****

لە خەونمدا

تۆ بە پەنجەی میهرەبانی ختوکەی پیاوێتیت دەدام

منیش لەنێو چیمەنی قژتدا بەدوای ژنێتیتا وێڵ بووم

****

لە خەونما

ئاوی ژنێتی خۆت لەسەر جەستەم دڵۆپ دڵۆپ رژاند

منیش هەستی خۆمم وەك نیگارێك لەسەر رۆحت نەخشاند

****

لە خەونما

توند توند دەستت گرتم بەرەو بەهەشتی لەشی نەرمت

منیش بەوپەڕی دڵخۆشییەوە ئاگری دۆزەخم لە خۆم ئەتەکاند

****

لە خەونما

تۆ سەری ئاواتت خستبووە سەر شانی ماندووم

منیش یەك یەك ترپەکانی دڵتم ئەنووسییەوە

****

لە خەونما

تۆ لە بەهەشتەوە بە راکردن بەرەو ئامێزی من ئەهاتی

منیش لە دوورگەی خەیاڵەوە بەرەو دنیای تۆ ئەپەڕیمەوە

****

لە خەونما

سەیری یەکترمان ئەکرد، بە موزیکی بێدەنگی یەکمان ئەدواند

بە ماچێ رۆژووی بێدەنگیمان بۆ هەزارانی ماچی تر شکاند

****

لە خەونما

بەزمانی دەریا قسەمان ئەکرد و شیعرمان بۆ شەپۆل ئەنووسی

سەحرای لێوەکانمان شەلاڵ ئەبوون لە تامی لیمۆی بەیەك گەیشتن

****

لە خەونما

ماچێکت پێ بەخشیم تەڕتر لە باران، سەوزتر لە لە سیمای بەهار

گەرمتر لە پشکۆ و روونتر لە ئاو و رووناکتر لە زەردەخەنەی هەتاو

****

**لە خەونما**

**تریفەی مانگت ئەخوێندەوە و منیش راڤەی کزەبام بۆ ئەکردیت**

**بووبیتە ئیلاهەی جوانی و ئەوین، بەتاسەوە کڕنووشم بۆ ئەبردیت**

********

**٢٠١٦-١٢-٢٢**

**ئەڵمانیا – بیلەفێڵد**

**نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس – شتاسیۆنی نەخۆشی سەرەتان**

-٢٢-

## کۆتایی من

کۆتایی من ئەکەوێتە دەستپێکی وەرزە ئاڵەکانی عەدەم
هەر ئەو دەمەی تاریکی چاوی شەمعێك کوێر ئەکات و
ئەو دەمەی ئاو گڕ لە خۆی بەرئەدات، منیش کۆتاییم دێ
کۆتاییهاتنم ئەکەوێتە دوا وەرزی چاوەڕوانیی بەسالاچووم و
لە هەڕاجکردنی تەمەنم لە بازاڕە چۆڵەکەی مردندا دەستپێئەکا
کۆتاییم لە دوا دێڕی قەسیدەیەکدا خۆی حەشارداوە و
بە دوا قەترە خوێنم نوسیوومە ژیان دڕکێك بوو لە رۆحم چەقی
کۆتاییم لە سەرەتای ئەو گەمەیەوە دەستیپێکرد تۆ ناوتنا ئەشق و
منیش بە گەمە شەرحنەکراوەی مەحاڵ پێناسەم کرد
کۆتاییم ئەو شەوە شەختەیە بوو لەگەڵ بارانی هاوڕێما هاتم و
وەك کۆترێك لەبەردەم پەنجەرەی بێ مرووەتیتدا هەڵتروشکام
کۆتاییم ئەو رۆژە تەڵخە بوو بەدەم سەفەرێکەوە رژام
بەدیار تەنهایی و خەونێکی پیرەوە بوومە سەراب
کۆتایی من ئەو ئێوارە مەلولە بوو دڵم سەرتاپا بوو بە سەحرا و

**ئاسمانی دڵم بە بێدەنگییەکەت بووە گۆڕستانی ئەستێرە و مانگ**
**کۆتایی من ئەو سپێدە دڵتەنگە بوو بە ئازارەکانی وجوددا هەڵزنام و**
**لە بەرزایی چیای وەهمەوە بەربوومەوە بۆ نێو کۆشی هەقیقەت**
**کۆتایی من نیوەڕۆیەکی فێدارە تیایدا برینی خەمگینیم ئەکولێتەوە و**
**قورگم لێوانلێو ئەبێت لە نۆتەی ڕەشپۆش و گرینۆك**
**کۆتایم زەردەپەڕێکە پەرداخی ئەوینم سەرەوڕێژ ئەبێ لە وەحشەت و**
**تۆوی فەنابوون لەسەر بست بە بستی ئارەزووە پەمەییەکانم ئەڕوێ**
**کۆتایم ساتێکە گێژەڵووکەی دوورییماڵی ئەشقی پەرش و بڵاو کردەوە و**
**شێرپەنجەی گوومان هێشووی هەموو یەقینەکانمی داڕزاند**
**کۆتایی من ئەو چرکەساتەیە پێکەنینەکانم ڕەنگی گۆڕستان ئەگرن و**
**دڵە کریستاڵییەکەم لەژێر هەوری دڵڕەقییەکانتا هەپروون هەپروون ئەبێ**
**کۆتایی من ئەو زەمەنەیە ژوانگەکان ئەبنە سەنگەری سەربازەکان و**
**شاری قاقا و خەنینەوەمان پڕ پڕ ئەبێت لە ترس و بێدەنگی**
**کۆتایم لەو عەسرەدا ئەبێ پەپولە بەتۆمەتی بۆنکردنی گوڵ لەقەنارە ئەدرێ و**
**ئەهریمەن روناکی ئاتەشگای عەشق لە ڕەنگی قەترانی تاریکی هەڵئەکێشێ**
****

**هاوینی ٢٠١٣**

**تاران – شەهریار**

**– هوتێل باغ گێلاس –**

## 23

## دوایین غەزەلی ماڵئاوایی

من کە بەخەندەیەك ئەمرم،
تۆ بۆ بە فرمێسك ئەمکوژی؟
من کە بۆ شەوقی مۆمێك ئەمرم،
بۆ لە تاریکترین شەودا ئەمکوژی؟
من کە بۆ تیشکی هەتاوم ئەمرم،
بۆ بەشاردنەوەی مانگی تابان ئەمکوژی؟
من کە بە وشەیەکی زبر ئەمرم،
تۆ بۆ بە قامووسێك لە دڵڕەقی ئەمکوژی؟
من کە بۆ مشتێ ئاو ئەمرم،
بۆچی بە تینوێتی لە سەحرای دڵتا ئەمکوژی؟
من کە  بەپەڕی باڵی فریشتەیەك ئەمرم،
بۆ بە چەقۆی کولی ئەهریمەن ئەمکوژی؟
من کە بۆ خەونێکی کریستاڵی ئەمرم،
تۆ بۆ لە بۆتەی کابووسدا ئەمکوژی؟
من کە بە نیگایەکی گەرم ئەمرم،

**تۆ بۆ لە بەستەڵەکی غەریبیدا ئەمکوژی؟**
**من کە لەنێو حەشاماتی خەڵکدا ئەمرم،**
**بۆ لە کونجی تەنیاییدا ئەمکوژی؟**
**من کە لە ساتی تەماشای پەلکەزێڕینەدا ئەمرم،**
**بۆ بە هەورە بروسکەی دابڕان ئەمکوژی؟**
**من کە بە تنۆکێك باران ئەمرم،**
**تۆ بۆ بە رەهێڵە و بۆران ئەمکوژی؟**
**من کە بە دەنگی ناسکی موزیك ئەمرم،**
**بۆ بە ژاوەژاوی دەمی رۆشتن ئەمکوژی؟**
**من کە بە گۆرانییەکی شاد ئەمرم،**
**تۆ بۆ بە سروودی دڵتەنگیی ئەمکوژی؟**
**من کە بەشەکراوی ماچێك ئەمرم،**
**تۆ بۆ بە قاوەی تاڵی تووڕەیی ئەمکوژی؟**
**من کە بەدڵۆپێك ئاوی چاوەکانت ئەمرم،**
**بۆ لەنێو ئاگردانی بێزاریدا ئەمکوژی؟**
**من کە بە شیعرێکی رۆمانتیك ئەمرم،**
**تۆ بۆ بە قەسیدەی فیراق ئەمکوژی؟**
**من کە لەنێو تەمی یادەوەرییدا ئەمرم،**
**تۆ بۆ بە گریانی ئایندە ئەمکوژی؟**
**من کە لەپێناوی جوانیتدا ئەمرم،**
**تۆ بۆ لە مەنفای هەستەکانتا ئەمکوژی؟**

**من کە بۆ چرکەیەك خۆشی لەگەڵتا ئەمرم،**

**بۆ لە دەریاچەی بە غەم و ناسۆردا ئەمکوژی؟**

**من کە بەشنەبایەکی رۆژهەلآت ئەمرم،**

**تۆ بۆ بە گڕ و دوکەڵی باشوور ئەمکوژی؟**

**من کە بۆ دیدارێکت لەکۆڵانی پەروانەکان ئەمرم،**

**تۆ بۆ بە خنکاندنی ئارەزووەکانم ئەمکوژی؟**

**من کە لەدەمی نووسینی چامەی ئەشقا ئەمرم،**

**تۆ بۆ بە دوایین غەزەلی ماڵئاوایی ئەمکوژی.؟**

*****

**ئەڵمانیا – کۆڵن**

**کەنار رووباری راین – یونی ٢٠١٧**